Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.8

# کاریگەری ڕەوتی فێمینیزم لە سیاسەتی دەرەوە: ڕۆڵی فێمینزمەکانی ئێران لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا لە ماوەی ٢٠١٤-٢٠٢١

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Dunia Dawood Mahmood
dunya.barzani98@gmail.com

RECEIVED :14 /07/2025
ACCEPTED :26/08/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**دونیا داوود مەحمود** / کۆلیژی زانستە سیاسیەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەولەتیەکان زانکۆیی دهوک، هەرێمی کوردستان- عێراق

**هه وار خلیل طاهر** / پەیوەندییە نێودەولەوتییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، زانکۆیی دهۆک، هەرێمی کوردستان- عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
بزووتنەوەی فێمینیزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە، بەشداری سیاسی،
دیاسپۆرا،
ئێران،
شۆرشی ئیسلامی.

## پوختە

بە درێژایی مێژوو هۆکاری لاوازی ڕۆڵ وپێگەی مێینە لە نێوەندی سیاسیدا، یەکێک بووە لە بابەتە گرنگەکانی زانستی سیاسی. هەرچەندە لە ئێران، کە کۆماری ئیسلامییە، ئەمە وەکو ئالنگارییەک دەبێت بۆ ژنان، لە ڕێگەی چالاکییەوە بەشداری لە گۆرانکارییە سیاسییەکان دا بکەن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئالنگاریانە و ئەو ڕێگایانەی کە ژنانی ئێران چۆن دەتوانن بەشداری چالاکیە سیاسییەکان بکەن؟ بە تیشک خستنە سەر ڕۆڵی ڕەوەندی ژنان لە دەرەوەدا. کەواتە ئەمە توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ کاریگەریی ڕەوتی فێمێنیزم لەسەر سیاسەتی دەرەوە، بەتایبەتی تیشک خستنە سەر ڕۆڵی ژنانی فێمینیستی ئێرانی لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا. توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی-شیکاری تاوتوێی چەمکی "سیاسەتی دەرەوەی فێمینیستی" (FFP) دەکات و چۆنیەتیی هەڵوێست و سیاسەتی ئەڵمانیا، کەنەدا، و سوید لەسەر پرسی ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ئێراندا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢١) دەخاتەڕوو. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بزوتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەرئەنجامی تێکەڵبوونی خەباتی ناوخۆیی و فشاری دەرەکی بووە. فێمینیستەکانی دیاسپۆرای ئێران توانیویانە لە ڕێگەی سیاسەتی دەرەوەی فێمینیستییەوە، پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ژنانی ئێران بەدەست بهێنن و فشارەکان لەسەر ڕژێمی ئێران زیاد بکەن، هەرچەندە تا ئێستاش ئاستەنگی زۆر لەبەردەم گۆرانکاریی بنەڕەتیدا ماون.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی :

فێمینیزم تیۆرێکی جیاوازە لە تیۆرە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تر. ئاڕاستەی تیۆری فێمینیزم خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەشداریکردنی ژن لە دروستکردن و داڕشتنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەدا دەکات، کە کاریگەری لە سەر ئاشتی و سەقامگیری جیهان هەیە. بەڵام ئەم تیۆرە "ڕەگەز" دەکاتە ناوەندی شیکاری سیاسەتی نێودەوڵەتی، زیاتر لە وەی گرنگی بە دەوڵەت و هێزی سەربازی بدات، هەروەها پێی وایە بەشداری ژن لە بڕیارگرتن ودادپەروەری ڕەگەزی بنچینەی سەقامگیری جیهانییە، لە جێگەی بە تەنیا تەرکیزکردن لەسەر بەرژەوەندی نیشتیمانی. هەروەها لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوخۆی دەوڵەتدا، وەک فاکتەرێکی گرنگ کاریگەری خۆی لە سیاسەتی دەوڵەت هەبووە. کەواتە بزووتنەوە و نارەزایەتییەکانی ژنان لە ئێران کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلانەی کە فێمینیزم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پیایدا تێپەڕیوە و وەک دەرفەتێکی ستراتیجی بۆ بە دەستهێنانی یەکسانی ڕەگەزی و مافەکان بۆ ژنانی ئێران.

کاتێک باسی کاریگەری بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە لە ئێران دەکرێت، خۆی ڕێگایەکە بۆ فێمینیستەکانی نێوخۆی و دەرەکی لە ئێران بۆ ئەنجامدانی چەندین میکانیزم و ڕێگای جیاواز لەگەل ئەو وڵاتانەی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا پەیوەندیی لەگەڵ ئێران دەبەستن، وەک دەروازەیەک بۆ ئەنجامدانی گۆرانگاری لە ڕێگای فشارخستن لە سەر ئەو وڵاتانەی پەیوەندییان لەگەڵ ئێران بەستووە و جەخت لە سەر مافەکانی ژنان لە نێو سیاسەتی دەرەکی خۆیاندا دەکەنەوە. بە هەمان شێوە ئەم تۆێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەو ژنە فێمینیستانە دەکات، کە خۆیان لە چوارچێوەی دەرەوەی سیستەمی سیاسی ئێراندا دەبینن و بە ڕێگای (Feminist Foreign Policies – FFP) خۆیان هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن.

فێمینیستە ئێرانیەکان هەوڵیان داوە لە ڕێگای بزووتنەوە (FFP) باسی نۆرم و یاساکانی لێکچوون و جیاوازییەکان بکەن لە نێوان خویان و نۆرمەکانی مافی ژنان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامە جیهانیەکان بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی ژنانی ئێران، بەراورد بەم نۆرمە نێودەوڵەتییانەی دەولەتانی خاوەن کاریگەری بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە، کە پەیوەندیان لەگەڵ ئێران هەیە، بەردەوام جەخت لە سەر مافەکانی ژنان دەکەنەوە. لێرە زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، فێمینزم لە ئێران زۆر بە جوانی و بە شێوەیەکی مەدەنیانە بە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی نەرم لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و ئەو نۆرمە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەستن بە (FFP) لە بەرژوەندی خۆیاندا بەکاربهێنن. دەریبخەن چۆن وڵاتانی خاوەن ئەم سیاسەتە، کاریگەری لە بواری کەیس و ماف و ئازادییەکانی ژنان لەسەر ئێران درۆستکردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی فێمنستی (FFP) هەوڵی حکومەتەکانی خاوەن ئەم سیاسەتەیە بۆ ئەنجامدانی پێشکەوتنێک و گەیشتن بە دەرئەنجامی وەرگێرانی نۆرمەکانی ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی، کە تایبەتن بە مافەکانی ژنان بۆ پراکتیک لە ڕێگای کارلێکردن لەگەڵ ئێران.

## 2. ئامانجەکانی تۆێژینەوە:

ناساندنی پێکهاتە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی فێمینستی و تێروانینی وڵاتی ئەڵمانیا، کەنەدا و سوید لە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران لە چوارچێوەی سیاسەتی (FFP)، دەربارەی پرسەکانی ژنان و چونیەتی بەکارهینانی ئەم سیاسەتە لەلایەن فێمینستەکانی ئێران، لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بۆ بەدەستهینانی ئامانجەکانیان.

## 3. کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە نەبوونی تێگەیشتنێکی ڕوون و شیکارییەکی ورد دایە، سەبارەت بەوەی کە ئایا ژنانی فێمینیستی ئێرانی لە دیاسپۆرا، چۆن و تا چەند توانیویانە ئەم چوارچێوە سیاسییە نوێیە (FFP) بقۆزنەوە، بۆ کاریگەریکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی خۆیان و گۆڕینی بۆ ئامرازێکی فشاری کرداری لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران؟ کەواتە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسە دەدەین.

### 4. پرسیارەکانی توێژینەوە:

سیاسەتی دەرەوەی فێمێنیزمی بە چ شێوەیەک ڕەفتار لە گەڵ ئەو سەرکوتکردنانە دەکات کە ئێران بەرامبەر بە بزووتنەوەکانی ژنان ئەنجامی دەدات؟ ئایا ڕەوەندی ژنانی ئێرانی لە دیاسپۆرا، توانیویانە لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم سیاسەتە کاریگەری لە سیاسەتی وڵاتانی دیاسپۆرا وسیاسەتی نێودەولەتی بکەن و بەرەو ئەوەی ببەن، کە فشار لە سەر ئێران دابنێن بە مەبەستی گۆرینی سیاسەتی ناوخۆیی بەرانبەر بە ژنان؟

### 5. گریمانەی توێژینەوە:

پێش دەرکەوتنی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە لە ساڵی (2014)دا، پێشتریش لە وڵاتانی وەکو ئەڵمانیا، کەنەدا و سوید، جەختیان لە سەر پێگەی ژنانی ئێران و ئەو ئاستەنگانەی توشیانبووە لە نێو وڵاتانی خۆیاندا ئاماژە پێ دراوە، بەڵام پاش (2014) فێمینزمی ئێرانی لە سەر ئاستی ناوخۆی و دەرەکی دەنگدانەوەیەکی زۆری بە دوای خۆی هێنا، بە تایبەت لەلایەن ئەم وڵاتانەی خاوەن سیاسەتی (FFP)ین، هەروەها دوای کوشتنی کچێکی کورد بە ناوی (ژینا ئەمینی) گۆرانکاری زۆر بەدیکراوە، هەم بۆ وڵاتانی خاوەن ئەم سیاسەتە و هەم بۆ ئێرانیش.

### 6. میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە میتۆدی وەسفی – شیکاری پەیرەو دەکات، بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی هەڵوێستی سیاسەتی دەرەوەی فێمینستی، هەر یەک لە وڵاتانی ئەڵمانیا، کەنەدا و سوید بەرامبەر بە وڵاتی ئێران لە ڕووی پرسی ژنان و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵی و هەوڵدان بۆ زیادکرنی ماف و ئازادییەکانی ژنان، بە گوێرەی پێکهاتەی سیاسەتی دەرەوی (FFP). هەروەها لەبەر ئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، کە بابەتێکی نوێیە لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەیەکی نێودەوڵەتی لە پرسی ژندا دروستکردووە، بە سود وەرگرتن لە سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان و لێکدانەوەی هەواڵەکان و بڵاوکراوەکانی گۆڤارەکانی پەیوەندیدار بە نوسینی ئەم توێژینەوەیە.

### 7. پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکان، بە شێوەیەکی لۆجیکی دابەش کراوە بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا، کە بەشی یەکەم پێشەکی و چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت، بەشی دووەمیش باس لە چوارچێوەی تیۆری و شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی فێمینیستی(FFP) دەکات، لە بەشی سێیەم دا باس لە شیکاریی کرداری و هەڵوێستی وڵاتانی (ئەڵمانیا، کەنەدا، سوید) بەرانبەر بە ئێران دەکات، لە بەشی چوارەم دا ڕۆڵی هەندێک لە چالاکوانان و بەشداریی فێمینیستە ئێرانییەکان لە چوارچێوەیFFP دا باس دەکرێت. هەروەها لە بەشی پێنجەم و لە کۆتاییدا دەرئەنجام و پێشنیازەکان دەخرێتەڕوو.

### 2. خوێندنەوەیەک بۆ بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا:

سەرەڕای نەبوونی پێناسەیەکی پەسەندکراو دەربارەی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا، بەڵام دەتوانین بڵێین کە سەرچاوەی ئەم سیاسەتە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (100) ساڵ پێش ئێستا، بۆ بزووتنەوەی ئاشتیی نێودەوڵەتی ژنان لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی دا، کە ئامانجیان ئاشتی درێژخایەن بووە. پێش دەرکەوتنی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە ساڵی (2014) لە سوید، پێشتر ئەم بیرۆکەیە لە نێو دانوستاندنە ئەکادیمییەکاندا هەبووە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە نوێیە لە سەر ئاستی دەوڵەت و حکومەت لە نێو گوڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بەشێوەی پێویست بەرچاو نەبووە. (Richey, 2001: 177–212) بۆیە سیاسەتی دەرەوی فێمینزم پێکهاتەی ئەو نۆرمانەیە لە نێو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی، تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و هەوڵدەدات وەک میکانیزمێک بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا بەکاربهێنێت (Zhukov&Elgström: 2022:197).بۆ نموونە یەکێک لە پەیماننامەکانی ساڵی (1979) بۆ نەهێشتنی هیچ جۆرە

جیاكاریەک دژی ژنان (CEDAW)[1]، بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی هەموو مافەکانی ژنان و نەهێشتنی توندوتیژی جێندەری بەرامبەر بە ژن ڕاگەیێنرا (Napikoski,2019: para 8). هەروەها بڕیاری (1325)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە لە ساڵی (2000) دەرچووە، سەبارەت بە ژنان و ڕۆڵیان لە بواری ئاشتی و ئاسایش لە نێو پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتدا لە سەر ئاستی ناوخۆی و دەرەکی، بۆیە بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا، وەک یەکێک لە سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان شیکردنەوەی جیاوازتر بۆ هەبوونی ژن لە هەموو بوارەکاندا دەکات (Papagioti, 2023: 13).


دوا بەدوای گرتنەبەر وکاریگەرییەکانی بزووتنەوەی فێمینزم لە سیاسەتی دەرەوەی سوید دا، نزیکەی سێ ساڵی خایاند هەتا وڵاتێکی تر ئەم سیاسەتە ڕابگەیێنێت، چونکە شتێکی تازەیە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کە کاریگەری لە سەر پەیوەندییەکانی وڵاتی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی تردا هەیە، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی وەک ئێران، کە باوەڕیان بە فێمینزم نییە (Thompson et al., 2021: 2). بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە: بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی کردارەکانی ڕەگەزپەرستی، داگیرکاری، پیاوسالاری نێو کۆمەڵگایە، بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست لە سەر بنەمای ئاشتی و یەکسانی جێندەری لە هەموو بوارەکانی ژینگەی سیاسەتی دەرەوەدا، بۆیە پاش سوید لە ماوەی ساڵی (2022)، سێزدە دەولەت سیاسەتی دەرەوەی خۆیان بە تێڕوانینی فێمینزمی گرتەبەر، کە ئەمانەن: کەنەدا، چیلی،کولومبیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، لیبیریا، مەکسیک، لیبیا، لوکسمبورگ، سکوتلەندا و لەگەڵ سوید سیاسەتی (FFP) جێبەجێیان کرد(Papagioti, 2023: 8). ئەو وڵاتانەی باسکراون لە بەڵێنەکانیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی فێمینیستی (FFP) جیاوازیان هەیە. سوێد پێشەنگایەتی نوانەکە دەکات بە خاڵی ٠.٨، کە نیشاندەری تێکەڵبوونی تەواوی بنەماکانی فێمینیستییە لە هەموو بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە. فەڕەنسا، لوکسەمبۆرگ، و چیلیش بەشداریی بەرچاو نیشان دەدەن بە سیاسەتە چالاکەکانەوە کە پشتگیری یەکسانی ڕەگەز دەکەن، لەکاتێکدا ئەڵمانیا و مەکسیک بە خاڵی بەرزەوە پلەبەندکراون، کە ڕەنگدانەوەی هەوڵە بەردەوامەکانیانە. کەنەدا خاڵێکی مامناوەندی ٠.٥٢ی هەیە، کە نیشاندەری بەڵێنی بەشەکییە، لەکاتێکدا ئاستی بەشداری لیبیا نادیارە، ڕەنگە بەهۆی دۆخی سیاسییەوە بێت. بە گشتی، ئەم وڵاتانە سپێکترێمێک نیشان دەدەن لە پێشەنگایەتی بەهێزەوە هەتا پەرەپێدانی سیاسەتەکان، بەپێی بنەماکانی فێمینیستی (Papagioti, 2023: 3, 49, 50, 62).

دەتوانین بڵێین کە چوارچێوەی چەمکی (FFP)، بوارەکانی وەک ئاسایش و ئاشتی و یارمەتی گەشەپێدان و چارەسەرکردنی توندوتیژی لە سەر بنەمای جێندەری ودەستەبەرکردنی تەندروستی و مافەکانی دیکەی وەکو پەرەپێدانی ئابوری و بەشداریکردن لە چالاکی ژینگەیی وکەش وهەوا لە خۆ دەگرێت. بە بۆچۆنی کیولەر (Köhler) سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لە ژێر کاریگەی فێمینزم جەخت لە سەر تاکەکان دەکاتەوە، نەک سیستەم، لە هەمان کاتدا شێوازەکانی (FFP) ڕۆڵی ناسنامە و مافەکانی مرۆڤ و ژنان بەرزدەکاتەوە و هەوڵدەدات چارەسەری بۆ نەبوونی هاوسەنگی قووڵ و ڕەگی دەستەلات لە ڕووی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی کە پشتگوێ خراووە بگەڕێنێتەوە، بۆیە ئەم سیاسەتە کاردەکات هەتا شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو وڵاتانە بکات کە ئەم سیاسەتە جێبەجێدەکەن لە نێو چوارچێوەی نایەکسانی جێندەری لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا. (کۆهلێر) دیسان ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە پێویستە بە تێڕوانینێکی فێمینزمییەوە سەیری ئەم سیاسەتە بکرێت و دیاربکرێت فێمینزم و هۆشیاری جێندەری چیە؟ چونکە پێویستە ژنان بە جۆراجۆری خۆیانەوە لە سەر مێزی سیاسەت دانیشن و ئامارەکانی جیاکاری ڕەگەزی کۆبکەنەوە لەگەڵ ئامادەکردنی ئەو بودجەی پێویستییانە بۆ سیاسەتی جێندەری، چونکە هەموو سیاسەتەکان کاریگەریان لە سەر ژنان، منداڵ، پیاوان هەیە (Köhler, 2022: para :2-3). گرنگە بزانین فێمینزم گۆڕانکارییە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا، چونکە

---

[1] ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی دژی ژنان" Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women" (CEDAW) بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیی گرنگی مافەکانی مرۆڤە و زۆرجار وەک "بەیاننامەی نێودەوڵەتیی مافەکانی ژنان" ناوی دەهێنرێت. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا و لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٨١)ەوە کەوتوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

کاریگەرییەکانی هەتا دەرەوەی سنوورەکانی تاک دەوڵەت و نەتەوە دەروات، سەرەرای ئەوەی کە هەموو سیاسەتەکانی (FFP) بۆ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی مافەکانی ژنان[1] دەگەڕێتەوە. بۆیە کاتێک ئێمە باس لە وشەی فێمینست (Feminist) دەکەین و ئەو دەوڵەتانەی هەوڵدەدەن ئەم سیاسەتە بگرنەبەر، پێویستە ستراتیجێکی گۆڕانکاری بگرنەبەر بۆ پەرەسەندنی یەکسانی جێندەری، چونکە ئامانجی سەرەکی پێویستە گۆڕینی دەسەڵات بێت، نەک تەنها بەرزکردنەوەی




هەندێک ئافرەت. بۆیە، بە بۆچوونی (تۆمپسۆن)، بە بۆچوونی، سیاسەتی دەرەوی فێمینزم وەک سیاسەتێکی ئۆمێد بەخشبوو بۆ ژنان، لە هەمان کاتدا جەخت لە سەر چارەسەرکردنی کێشەکانی وەک کەش وهەوا، هەژاری، ئاشتی و ئاسایش، تەندروستی جیهانی، گەشەی گشتگیر دەکاتەوە وهەموو وڵاتێک دەتوانێت بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا پەیرەوبکات، بێ گرینگیدان بە ئاستی داهات کە نزم، مام ناوەند، یان بەرزە (Thompson, 2020:2). دیسان هەر هەمان نووسەر، جێبەجێکردنی سیاسەتێکی فێمینزمی لە سەر بنەمایەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، یاریدەدەرە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و یەکسانی جێندەری، چونکە ئەم سیاسەتە شێوازێکی گشتگیرە لە یەکسانی، ئاشتی و ئاسایش لە سەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی (Thompson, 2020:2). لێرەدا هەوڵدەدەین لە رێگای ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ئەو وڵاتانە دیاربکەین کە ئەم سیاسەتە وەک بەشێکی گرنگی ناو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی خۆیان دا دیارکردووە.

https://medicamondiale.org/en/violence-against-women/sexualised-wartime-violence/feminist-foreign-policy وێنەی ژمارە (١)

دەبێت بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە (FFP) ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێت، بۆ دەستنیشانکردنی نایەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکان لە نێو کۆمەڵگا پیاوسالارییەکاندا، بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری جێندەری. کاتێک ئێمە خوێندنەوە بۆ سیاسەتی (FFP) لە نێو چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەکەین، ئاماژە بە کوتاییهێنان بە توندوتیژی سێکسی و جێندەری دەدەین، هەروەها ئاماژە بەوە دەدەین کە پێویستە ئەم سیاسەتە لە هەموو سەکتەرەکان دا پەیرەوە بکرێت، وەک: ئابوری، گەشەپێدان، بەرگری، سیاسەتی ناوخو، بۆ نموونە ئەو ژنانەی لە دەرەوەی سنورەکانی وڵاتی ئەڵمانیا تووشی توندوتیژی دەبن، بە پێی بڕیارەکانی سیاسەتی پەنابەری دەتوانن لە ناو سنۆری ئەڵمانیا دا، سکالا تومار بکەن بۆ ئەوەی پشتگیریان لێ بکرێت ومافی پەنابەرێتی وەربگرن (Berg,2024: para 1-2). هەروەها لە شیکارکردن

[1] کۆنفرانسەکانی سیاسەتی دەرەوەی فێمینیستی (FFP) زنجیرەیەک کۆبوونەوەی نێودەوڵەتین کە ئامانجیان دانانی یەکسانیی جێندەری و مافەکانی ژنانە، لە چەقی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا. ئەم کۆنفرانسانە، کە نوێترینیان لە ئەڵمانیا، هۆڵەندا و مەکسیک بەڕێوەچوون، هەوڵ دەدەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بڕیارەکانی پەیوەست بە ئاشتی، ئاسایش، بازرگانی و هاریکاریی گەشەپێدان، بە شێوەیەکی یەکسان خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ژنان و کچان و گروپە پەراوێزخراوەکان ، جێبەجێکراون.

وباسکردنی بنەماکانی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە لە ڕوانگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی دا، پشت بەمانەی خوارەوە دەبەستین:

- پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ
- پەیماننامەی مافی ژنان لە نەتەوە یەکگرتوەکان
- CEDAW
- بڕیارنامەی (1325) ی نەتەوە یەکگرتوەکان " ژنان، ئاشتی، ئاسایش".

## 3. تێروانینی (FFP)ی وڵاتانی (ئەڵمانیا، کەنەدا، سوید) بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ئێراندا:

وەزیری دەرەوەی سوید (مارگۆت والسترۆم – Margot Wallström) لە ساڵی (2014)، یەکەمین بزووتنەوەی فێمینیزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە بۆ جیهان ڕاگەیاند (Aggestam&Bergman-Rosamond, 2016: 323-324). سێ ساڵی تر تێپەڕی هەتا وڵاتێکی تر، بوێری ئەوەی هەبوو بەورییەوە، ئەم سیاسەتە ڕابگەیێنێت، بۆ نموونە کەندا ساڵی (2017) سیاسەتی یارمەتیدەری نێودەوڵەتی فێمینزم (FIAP) پێشکەش کرد (Thompson et al.,2021:1). ساڵی (2018) حکومەتی هاوپەیمانی لە لۆکسەمبۆرگ پابەند بوو، بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی فێمینزم بەرەوپێش ببەن. لە هەمان ساڵدا فەرەنسا ستراتیجی نێودەوڵەتی بۆ یەکسانی ڕەگەزی نوێ کردەوە و ئاماژەی بەوە دا بۆ سەرخستن و کارکردنی دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی فێمینزم لەگەڵ وڵاتانی تردا، بە پشتبەستن بە (دیپلۆماسیەتی فێمینزم) دەکرێت (Eroukhmanoff, 2024:33). لە ڕۆژی جیهانی ژنان، فەرەنسا سیاسەتی دەرەوەی فێمینزمی ڕاگەیاند (Aggestam & Bergman-Rosamond, 2016: 2) . مەکسیکیش بە هەمان شێوە یەکەمین وڵاتە لە ئەمریکای لاتینی ئەم سیاسەتەی ڕاگەیاندوە (Delgado, 2020:36). نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی "سیاسەتی دەرەوەی فێمینیستی" تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ٢٠٠٠ و دامەزراندنی ئەجێندای "ژنان، ئاشتی و ئاسایش"، ئەو چوارچێوە یاسایی و سیاسییەی دابین کردووە کە وڵاتان پشتی پێ دەبەستن بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی فێمینیستیی خۆیان. نیازی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ئەم بڕیارە مێژووییە و کارەکانی UN Women، و لێدوانەکانی سکرتێری گشتییەوە دەردەکەوێت. هەروەها لە تشرینی دووەمی ساڵی (2020) هەر یەک لە وڵاتانی ئیسپانیا و لیبیا سیاسەتی فێمینزمی خۆیان ڕاگەیاند (Thompson& Khokhar, 2021: 1).

پەرلەمانی ئەوروپا لە ساڵی (2020) پێشنیاری سیاسەتی دەرەوەی فێمینزم و ئاسایشی فێمینزمی کرد، ئەوەی بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان پێشنیار کردووە بە یارمەتیدانی پەرەپێدانی فەرمی (official development assistance) (ODA)[1] بە ڕێژەی (85%) وەک هاوکاری فەرمی پێشکەشی ئەو پرۆگرام و ڕێکخراوانە بکات، کە لە سەر بنەمای یەکسانی ڕەگەزی کاردەکەن (European Parliament News, 2020: 1). سەرەڕای کۆنفرانسی (ICPD)[2] و ڕاگەیاندنی پلاتفۆرمی (Bejing)[3] و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSCR 1325)، هەموویان کاریگەریان لە سەر بارۆدوخی ژن لە وڵاتی ئێران هەبووە (Thompson& Khokhar, 2021:2). چونکە سیاسەتی دەرەوەی فێمینستی بە شێوەیەکی وردتر هەوڵدەدات، ڕەوشی ژن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی باشتر بکات. لە هەمان کاتدا پشتگیری زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان دەکات. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان دەربارەی گەشەکردنی سیاسەتی دەرەوەی فێمینزم لە ئێران، فشارەکانی ژنان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی توانیویانە فشار لە سەر ڕێکخراوی نەتەوە

---

[1] ODA: هاوکاری فەرمی گەشەسەندن – یارمەتی ئابووری و تەکنیکی ئەو وڵاتانەی کە بۆ پشتگیری گەشەسەندنی وڵاتانی کەمتر گەشەسەندوو دەدرێت.

[2] ICPD: کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دانیشتوان و گەشەسەندن (1994 – قاهیرە) کە گرنگی بە مافەکانی ژن لە بواری تەندروستی زاوزێ و بڕیارگرتن دەدات.

[3] Beijing: پلاتفۆرمی کاری بەیجین (1995) – سندی نێودەوڵەتی بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی ژن و یەکسانی ڕەگەزی لە هەموو بوارەکاندا.

یەکگرتووەکان بۆ دەرهێنانی ئێران لە لیژنەی مافەکانی ژنان، لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی (2022) یاساکانی ناوخۆی وڵات لەگەڵ یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە یەکسانی جێندەری هاوڕانین (United Nations, 2022). هەروەها لە لایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای لەگەڵ ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی کۆنترۆڵکردنی ئێران بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بووە، بۆیە وەک هەڕەشەیەک بۆ وڵاتانی دیکە دەبینرێت.
زنجیرەیەک سزای نێودەوڵەتی وەک بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (1723)، (1747)، (1803)، (1929) بەم بڕیارانە ئابووری ئێران کرایە ئامانج لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی گۆشەگیر بکرێت هەتا ساڵی (2015) بۆ ڕێگریکردن لە ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی (Katzman, 2011: 33-38). ئەگەر سەیری ئەو یاسایانە بکەین، کە تایبەتن بە ژنان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتی و یاساکانی گشتی و خێزانی ئێران هەیە بۆ نموونە پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان (CCPR, 1976) لەگەڵ پرۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانە، ئێران لە 24 حوزەیرانی 1975 بووەتە ئەندام، هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری (CESCR, 1976) ئێران لە (24حوزەیرانی1975) بووەتە ئەندام، بەڵام زۆربەی ئەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییانەی واژووی لە سەر کردووە لەگەڵ مافەکانی ژنان لە ناوخۆی ئێراندا ناگونجێن ( Moghadam, 2004: 14).

ناکوکی زۆر لە نێوان یاساکانی ناوخۆی ئێران و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دا هەیە، بۆ نموونە یاساکانی خێزان لە ئێراندا، پێچەوانە بنەماکانی (International Covenant on Civil and Political Rights (ICCPR)[1]، وەک مادەکانی (2, 3, 23 24, 26)، جیاوازی زۆر لە نێوان یاساکانی ناوخوی ئێراندا بەرامبەر بە ژنان هەیە، لەگەڵ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ( The International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights (ICESCR)[2] وەک مادەکانی ( 2, 3, 6, 10)، سەرەڕای ئەوەی ئێران واژووی لە سەر پەیمانامەی نەهێشتنی هیچ جۆرە جیاکاریەک بەرامبەر بە ژنانی نەکردەوە، بەڵام واژوی لە سەر پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ وەک جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ کردووە، پەیماننامەی مافەکانی منداڵان، پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسەکان، پەیماننامەی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی (ICESCR) کردوە (Moghadam, 2004 : 5). شتێکی بەرچاو و روونە، دیارترین نموونەش لە سەر ئەمە ئەوەیە کە بەپێی بنەماکانی ئەم پەیماننامە نێودەوڵەتییانە، سەرپۆشکردن بابەتێکی کەسییە و پەیوەستە بە بیروڕای ئازادی تاکەوە، کەچی لە ئێران یاسایە وشتێکی زۆرەملێیە تەنانەت ئەگەر بە یاساش ڕێکخرا بێت.
لە ساڵی (2018) دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی (JCPOA)[3] دووبارە لایەنەکانی ڕێککەوتننامەکە بە دوای ڕێککەوتننامەیەکی تری نوێ بە شێوەیەکی تر دەگەڕێن (Adebahr & Mittelhammer, 2020: 8). بە گوێرەی بۆچوونی لێکۆڵەر (میرزایی و تالیبانی)، ئەڵمانیا لە بابەتی سیاسەتی دەرەوەی فێمینزم، بەرامبەر ئێران یەکێکە لە وڵاتانی خاوەن پێگەیەکی ئەرێنی لە ناو ئێراندا و ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتی ئێران سەبارەت بەو ڕەفتارانەی بەرانبەر بە ژنان دەکرێ (Mirzae & Talebian, 2022:10)، چونکە ئەڵمانیا بە ڕێگای جیاواز پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێران لە سەر بنەمای پشتگیری گروپەکانی داواکاری دیموکراسیخوازی و مافەکانی ژنان و کەمینەکان ڕێکخستووە، لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە و پشتگیری ڕێکخراوەکانی ژنانی ئێرانی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەڵمانیا دا دەکات (Mirzae & Talebian, 2022:11).

بزووتنەوەکانی فێمینیزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا دا، چوارچێوەی سیاسەتەکانی خۆی بەرانبەر بە ئێران تەنیا

[1] ICCPR: پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966) - یاسایی نێودەوڵەتی کە مافەکانی بنەڕەتی مرۆڤ وەک ئازادی ڕادەربڕین، باوەڕ، کۆبوونەوە و بەشداری سیاسی دەپارێزێت.

[2] ICESCR: پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان (1966) یاسایی نێودەوڵەتی کە مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک مافی کار، پەروەردە، تەندروستی و ژیانی شایستە دەپارێزێت.

[3] JCPOA: ڕێککەوتننامەی هاوبەش و فراوانی کاری ئێران (2015) – ڕێککەوتنی ناوکی لەنێوان ئێران و شەش وڵاتی گەورە (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ڕووسیا، چین) کە ئێران بەرێژەیەکی زۆر پرۆگرامی ناوکی خۆی سنووردار دەکات لە بەرانبەر هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان.

لە ژن پەیوەست وسنووردار نەکراوە، چونکە لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە مافەکانی کەمینەکانی وەکو کورد و ئەو سەرکوتکردنانەی بەرامبەر ئەو کەمینانە و ژنان لە ناوخۆی وڵاتدا ئەنجامدەدرێت. ئەمەش بە ڕێگای دامەزراندنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان و پشتگیری کردنی ژنان لە ئێراندا دەکرێت ( Mirzae & Talebian, 2022:2-7). هەروەک چۆن ئەڵمانیا دەزگای سیاسی ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکانی وەکو (UNIDAS – Unidas Network)[1]، بەهاوبەشی لە نێوان خۆیی و وڵاتانی ئەمریکای لاتینیدا دامەزراندووە (Schuegraf,2021:2-4).

بزووتنەوەکانی فێمینیزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا لە سەر سێ بنەما هاتووە ئەویش پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان، ئامانجەکەی یارمەتیدانی ئەو زیان پێکەوتووانەیە لە ناو وڵاتاندا زیانیان پێ دەگات و سەرچاوەیەکی گونجاو بۆ ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکان دابین بکات. بزووتنەوەکانی فێمینیزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا دا، ڕەفتاری ئەو بۆ سەپاندنی سزاکان لە سەر ئێران لە چوارچێوەی (بابەتی ئەتۆمی) ئێراندا، سنووردار کراوە بە شێوەیەک بووەتە بەشێک لە بزووتنەوەکانی فێمینیزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا، بە تایبەت لەگەڵ ئێراندا، چونکە بە گوێرەی بزووتنەوەکانی فیمینیزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە و خوێندنەوەی بۆ ژیانی بێ چەکی ئەتۆمی، بە مافێکی گرنگی مرۆڤ بۆ پاراستنی ژیانی تاکەکان دەژمێردرێت (Müller,2023: para 9-15). بەڵام کەنەدا لە بابەتی سەرپێچیکردن لە سەر مافەکانی ژنان و هاوڵاتیان لە ئێراندا، زنجیرەیەک سزای لە سەر ئێران سەپاندووە. ئەم سزایانە تاکەکەسەکان و کیانە جۆراوجۆرەکان لە خۆ دەگرێت، لەوانەش (پۆلیسی ڕەوشتی ئێرانی) کە کیانێکی سزا لە سەر سەپێنراوە، لە بەرئەوەی ئەوان ئەم ئامرازە بە ئامرازێکی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنانی ئێران دادەنێن ( Global Affairs Canada,2023: para 8). (میلانی جولی) وەزیری دەرەوەی کەنەدا لە ساڵی (2023) لە کاتی سەپاندنی سزاکان بە سەر ئێران، بە هۆی سەرپێچی کردن لە سەر مافەکانی مرۆڤ و ژنان، لە وتەکانیدا پشتڕاستی دەکاتەوە (پابە ندبوونی کەنەدا بە مافەکانی مروڤ بێ چەواشەکارییە و هەمیشە دەنگێک بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات، کە پێویستیان بە پشتیوانی ئێمەیە وەک منداڵان و پیاوان و ژنانی ئێران بۆ وەڵامدانەوەی کردەوە ناسەقامیگریەکانی ڕژێمی ئێرانی کە نەک تەنیا کاریگەری لە سەر گەلی ئێران، بەڵکو لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانیشی هەبووە، بەردەوام دەبین لە هەموو هەوڵێک کە لە توانامانداێە. ئەم لێدوانەی وەزیری دەرەوەی کەندا لە چوارچێوەی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا دەبینرێت، بە هۆی ڕەوشی سەرکوتکردنی نارەزاییەکان و ژنان) ( Global Affairs Canada,2023: para 8).

کەنەدا لە ساڵی (2022)، یەکێک لەو کەسانەی سزای بە سەر سەپاندووە (حەسەن ڕۆحانی) بووە، بە هۆی پێشێلکاری لە سەر مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ناڕەزاییە جەماوەرییەکان( Wright, 2022: para 4). هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکات، کە لە 3ی تشرینی یەکەمی ساڵی (2022) کەنەدا لەگەڵ چەندین وڵاتی تری ئەوروپا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، دانیمارک، ئیسپانیا، ئیتالیا و کۆماری چیک (16) پێشنیاریان پێشکەش بە یەکێتی ئەوروپا کرد، بۆ زیادکردن و تۆندکردنی سزاکان لە سەر ئێران، بەتایبەت یەکێک لەو سزایانە پەیوەستە بە (پۆلیسی ڕەوشتی) لە ئێران، چونکە یەکێکە لە کیانە سەرەکییەکانی وڵاتی ئێران بۆ سەرکۆتکردن و بەکارهێنانی تۆندوتیژی بەرامبەر ژنان و سنووردارکردنی ئازادییەکانیان (Wright, 2022: para 5-8). هەروەها (میلانی جولی) وەزیری دەرەوەی کەنەدا لە ساڵی (2022) وتی هەموو وەزیرانی دەرەوەی وڵاتی کەنەدا کە ژنن کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی کاربکەن بۆ ئەوەی زۆرترین فشاری دیپلۆماسی لە سەر ئێران دروست بکەن، وەکو دەرئەنجامێک بۆ ئەو ناڕەزایەتییانەی ژنان بەرامبەر بە ڕژێم دەیکەن بۆ بەدەستهینانی ماف و ئازادییەکانی خۆیان (Karadeglija, 2022: para 1-2). بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ژنانە بوەستن، کە بۆێرن بەرانبەر بە ئێران و خەبات بۆ ئازادی خۆیان دەکەن، وەزیری کاروباری دەرەوەی کەنەدا، ئاماژەی بەوە دا، کە کۆبونەوەی لەگەڵ وەزیرە ژنەکان ئەنجامداوە بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی پەیامێکی زۆر بەهێز و ئەرێنی بۆ

---

[1] UNIDAS Network: تۆڕی یەکگرتووان – تۆڕێکی نێودەوڵەتی لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەزگا سیاسییەکانی ژنان کە لەسەر پشتگیری مافەکانی ژن، یەکسانی ڕەگەزی و بەهێزکردنی گروپە لاوازەکان لە ئەمریکای لاتین کاردەکات.

پشتیوانیکردن لە ژنانی ئێران بنێرن، بۆیە خاتوو(جولی) دەڵێت: (سالآنێکی زۆرە تێروانینی ئەوان بۆ ژنانی ئێران وەک ئەکتەرێکی پاسیڤن کاتێک باس لە ململانێ دەکرێت) (Karadeglija, 2022: para 7-10).

باشترین نموونەی زیندوو، مردنی کچە کوردێکی (22) ساڵی بوو، بە ناوی (مهسا ئەمینی - ژینا ئەمینی)، کە لە ساڵی (2022) و دوای دەستگیرکردنی لەلایەن (پۆلیسی ڕەوشت)ەوە و لە ئەنجامی لەبەرنەکردنی جلوبەرگی گونجاو بەپێی سیستەم دەستگیر و ئەشکەنجەدرا، کە دوای ئەوە بوو بە هۆکاری بەرپابوونی ناڕازیەتییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا. بەم شێوەیە ڕادەی گەشەسەندنی بزووتنەوەکانی ماف و ئازادییەکانی ژنانی لە ئێراندا، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەت پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی (ژن، ژیان، ئازادی)، دەردەکەوێت. ئەم ڕووداوە دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، وەک چیرۆکێک کە کاریگەرییەکانی ئەم بزووتنەوە مەدەنییەی گەلانی ئێران دەنگدانەوەیەکی نێودەوڵەتی هەبووە و ژنان توانیان لە وڵاتانی ئەڵمانیا و کەنەدا و سوید لە ڕێگای سیاسەتی (FFP) فشار لە سەر ئێران بکەن (مەجیدخان، 2023: 5-6). هەروەها سوید یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە چەندین بەیاننامە و لێدوانی هەبووە سەبارەت بە سیاسەتی سەرکوتکردنی ئازادییەکانی ژنان و ئازادییە تاکەکەسییەکان لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، حکومەتی سوید لە تشرینی یەکەمی ساڵی (2022) بانگهێشتی باڵیۆزی ئێرانی لە ستۆکهۆڵم کردووە، سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لە ناو وڵاتی ئێراندا ڕوویاندابوو، بەتایبەتیش سەبارەت بە بابەتی لە سێدارەدان (Government Offices Sweden, 2023: para 3).


هەر لە ساڵی (2011 - 2023) یەکێتی ئەوروپا و تایبەت سوید لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی فێمینیزمدا، داوای لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناو ئێران کردووە. لە 24ی تشرینی دووەم لە ساڵی (2022) سوید لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دانیشتنێکی تایبەتیان ، سەبارەت بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە ناو ئێران و بەردەوام سەرکوتکردن و گرتنی ناڕازییان، ڕێکخست. بەم هەنگاوە سوید لەگەڵ وڵاتانی بەلتیک پشتگیری توندی خۆیان بۆ ئەم کارە دەربڕی، بزووتنەوەکانی ژنان لە سوید پشتیوانی خۆیان بۆ فێمینزمەکانی ئێران دەربارەی ئەو بارۆدوخەی ڕووبەڕووی ژنانی ئێران دەبێتەوە، دەربڕیوە، بۆیە داوایان لە حکومەتی سوید کرد لە ڕێگەی هەموو ئامرازەکان پشتیوانی خۆیان پێشکەشی شۆڕشی ئازادی فێمینستەکانی ئێران بکەن (Sveriges Kvinnoorganisationer, 2023: para 1-4).

سوید بە فەرمی پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی فێمینزمەکان ڕاگەیاندووە. باڵیۆزی سوید لە ئێران بەردەوام بە بیردەهێنەوە بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ئێراندا و پشتیوانی ژنان لە ناوخۆی ئێراندا بکات، هەروەها تەکەز دەکەن پێویستە ئەو ڕێکخراو و کۆمپانیا سویدییانەی، کە تا ئێستاش لە ئێران کاردەکەن پێویستە بەشداری بکەن لە بە بەڵگەنامەکردنی ئەو پێشێلکارییەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت و سوید پێویستە کار بکات بۆ ئەوەی یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بە کۆکردنەوەی پارە بکەن بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە خەبات بۆ ماف و ئازادی خۆیان دەکەن (Sveriges Kvinnoorganisationer, 2023: para 5). ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە (24 ی تشرینی دووەمی 2022) دانیشتنێکی تایبەتیان بۆ لێپرسینەوە لە پێشێلکاریەکانی ئێران لەسەر هاوڵاتیانی ئێراندا بەڕێوەبرد، کە سوید پشتگیری لێدەکرد و لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا بڕیاریان دا، کار لە سەر ئەوە بکەن، بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان و لێکوڵینەوە لە کارەکانی ئێران کە پەیوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ئێران هەیە (Government Offices Sweden, 2023, para 10). بزووتنەوەکانی فێمینزمی ژنانی سوید لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی (FFP)، داوایان لە حکومەت کرد ئەو ژنانە بپارێزن، کە لە ترسی دەسەڵاتی ڕژێم کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی سوید، چونکە ئەو سیستەمە لەگەڵ ماف و ئازادییەکانیان ناگونجێت، بۆیە پێویستە سوید لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا کاربکات بۆ ئەوەی مۆڵەتی مانەوە بەو ژنانە بدرێت، کە لەبەر ستەمکردن کۆچیانکردوە (Sveriges Kvinnoorganisationer, 2023: para 11).

ئەگەر سەیری سیاسەتی دەرەوی فێمینزمی ئەڵمانیا بەرانبەر بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا بکەین، پاش مردنی مەهسا ئەمینی (ژینا ئەمینی) ناڕەزایەتی سەرتاسەری لێکەوتەوە، ژنان و پیاوان پێکەوە تیادا بەشداربوون، دژ بە دەستەڵات و داوای کۆتاییهێنان بە ستەمکاری سیستەماتیکیان دەکرد، بە تایبەت بۆ پرسی ژنان و پرۆسەی دیموکراسی (Muller, 2023: para 2-3). سەرەڕای ئەوەی حکومەتی سوید وەک یەکەم حکومەت پشتگیری خۆی بۆ سیاسەتی (FFP) ڕاگەیاند، بەڵام لە هەمان کاتدا تووشی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە لەلایەن چالاکوان و فێمینستەکانی ئێران و سوید، بە تایبەت لە ماوەی سەرۆکایەتی (جان بیورکلوند) (Jan Bjorklund) کە سەرۆکی پارتی لیبراڵەکان بوو، ووتی: ئێران لە ڕێگای یاساوە پێشێلی مافەکانی ژنان دەکات " ئەوە وێرانکەرە بۆ ئەوەی پێ دەوترێت بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا. هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدات، کە نەدەبوایە ژنانی شاندی سویدی سەرپۆش لەسەربکەن، کاتێک سەردانی ئێرانیان کرد بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامەی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات واژووبکەن، بەڵکو دەیانتوانی سەردانی وڵاتی سێیەم بکەن، یان لە سوید ئەو ڕێکەوتننامەیە واژوو بکەن (Stuttaford, 2022: para 5). بۆیە دەپرسین چی دە گوزەرێ لێرەدا؟ واژوو کردنی گرێبەستێکی بازرگانی لە نێوان حکومەتێک، کە خاوەن

وێنەی ژمارە (٢) https://gamaan.org/2023/02/04/protests_survey

سیاسەتی مافی مرۆڤە لە سوید و لەگەڵ حکومەتی ئێراندا (Stuttaford, 2022: para 9). بە پێی ڕاپرسیەکی (GAMAAN Research Foundation) لە ساڵی (2022)، کە دەربارەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوایانەی ناوخۆی وڵاتی ئێران وبزووتنەوەی ژن، ژیان و ئازادی، ئەنجامدراوە وتێدا پرسیارێک ئاراستەکراوە کە ئایا لەگەڵ هەڵوێستی ئێرانییەکان بووی سەبارەت بە خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی ساڵی 2022 لە 21 کانوونی یەکەم تا 31 کانوونی یەکەم 2022، وەڵامەکانیش بەلێ ونەخێر بوون. نزیکەی (200) هەزار کەس لەم ڕاپرسیەدا بەشداربوون (158) هەزار




کەس ناوخۆی ئێران و (42) هەزار کەس لە دەرەوەی ئێراندا، دەرئەنجامەکە بەو شێوەیە بۆیە (81%) ناوخۆی دژایەتی ئەو ڕژێمە دەکەن و دەربەدەرەکانیشیان (91%)، بۆیە ڕێژەی (67%) خەڵکی ناوخۆیی پشتیوانیان لە خۆپیشاندەران دەکرد و (90%) ئەوانەی دەرەوە (Muller, 2023: para 3). ئەدەرئەنجامی ئەم ڕاپرسییەش بەم شێوەیەی خوارەوە بووکە لە وێنەی ژمارە (٢) دا دیارە (MALEKI& ARAB, 2023:6).

ئەوەی جێی پرسیارە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو هەموو بزووتنەوە و شۆرشەی شەقام، کە ژنان سەرکردایەتی دەکەن و ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان وتێروانینی سیاسەتی (FFP) لە ئەڵمانیا سەبارەت ئەم پرسانەی ژنان لە کامە چوارچێوە دایە؟ سیاسەتی (FFP) حکومەتی ئەڵمانیا کاتێک پابەندبوونی خۆی لە ساڵی (2022) ڕاگەیاند، کە پرۆسەی ئەم سیاسەتە وەرگیرا لە سەر بنەمای ڕێبازێکی دەرەکی و ئاسایش و هەروەها دارشتنی پلانی

سیاسەتی گەشەپێدان (Mittelhammer&Adebahr, 2023: para 4). ئەم سیاسەتە پێکهاتووە لە "D+3R" ئەو سیاسەتەی گرتەبەر وەک سیاسەتێکی فرەڕەهەندی لە نێو بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا دا، هاوشێوەی هەمان سیاسەتی سوید بەو شێوەیەی خوارەوە:

– مافەکان (Right) پشتیوانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مافەکانی ژنان

– سەرچاوەکان (Resource) مەبەستیان دابینکردن و دەرفەتی گەیشتن بە ئابووری، سیاسەت، کلتوور و تەندروستی بۆ ژنان.

– نوێنەرایەتی (Representation): واتە نوێنەرایەتیکردن وبەشدارییپێکردنی ژنان لە بوارەکانی بڕیاردان وبەرپرسیارەتییەکان دا.

– جۆراوجۆری (Diversity): بەشداریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگای جیاواز لە نێو ئەم سیاسەتەدا وەک: (رەگەزی نێر و مێ، نەتەوە جیاوازەکان) (Zilla,2022:6-7).

زۆر گرنگە ئەوە بزانین کاتێک ئەڵمانیا ئەم سیاسەتەی ڕاگەیاند، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی مێژوویی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە ناونیشانی "ژن، ژیان، ئازادی". لەماوەی (5) مانگی سەرەتایدا لە دەستپێکردنی ئەم بزووتنەوەیە، کە بزووتنەوەی فێمینزمە لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا، هیچ ڕۆڵێکی لە سیاسەتی ئێراندا لە نێو حکومەتی ئەڵمانیا دا نەبووە، بۆیە جێگای پرسیارە کوا ڕۆڵی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە دا؟ ( Romaniec, 2022: para 3-6). خەڵک زۆر بە توندی ڕەخنەی لە سیاسەتی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتی ئەڵمانیا و ئانالێنا بەیربووک (Annalena Baerbock) گرت، چونکە ئەو سیاسەتەی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا باسی دەکرد، وەک ئەوە نەبوو کە چالاکوانانی ژنان لە ئێران بیریان لێدەکردەوە بە تایبەت دەربارەی کوشتنی (ژینا ئەمینی) ڕایگەیاندبوو کە (دەیەوێت ئەو کێشەیە بخاتە بەرانبەر ئەنجومەنی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا) بەڵام ئەو وای بۆدەچوو کە بوونی لاشەی ئەم کچە بە تەنیا، بەشی ئەوە ناکاتن بۆیە ناتوانێت دەستپێشخەری زیاتری سزاکان لە سەر ئێران بکات ( Rettig&Jannaschk, 2022: para 7).

ئانالێنا بەیربووک (Annalena Baerbock) لە بەردەم ئەو ڕەخنانەی کە ڕوبەڕووی بوونەوە، سەبارەت بە بابەتی مافەکانی ژنان لە ئێراندا لە پەرلەمانی فیدرالی ئەڵمانیا (Bundestag) بەرگری لە خۆیکرد و ووتی " پێشتر بالیۆزی ئێرانیان بانگهێشت کردووە و کار بۆ ڕازیکردنی هاوبەشە ئەورووپیەکانی دیکە دەکات، بۆ ئەوەی سزا لە سەر ئێران بسەپێنن و ڕەخنەگرانی ئەم سیاسەتەی بیربوکی ئەلمانی دەڵێن وشەکان تەنیا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانگارین، دەبێت ببنە کردار، لەورا ئەمە یەکێکە لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی ئەوەی کە دەنگدانەوی ئەڵمانیا بەرانبەر بابەتی مافەکانی ژنان بەو شێوەیە نەبووە کە لێی چاوەڕێ دەکرا، چونکە لەلایەکی ترەوە بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی و بە تایبەتی کەرتی وزە، گرنگی خۆی بۆ ئەڵمانیا هەیە (Verbeek,2023: 4-5). پارتی سۆسیال دیموکرات (SPD) بە سەرۆکایەتی ڕاوێژکار ئۆلاف شۆلز (Olaf Scholz) خۆی وەک پارتێکی ئاشتیخواز و بنیاتنراو لە سەر بنەماکانی دیپلۆماسی، دیالۆگ و ڕێگریکردن لە قەیرانی ناوخۆیی و بنیاتنانی ئاشتی و هەوڵە هەمەلایەنەکان ناساند، سەرپەرشتیاری ئەو سیاسەتەی دەکرد، لە ژێر سەرکردایەتی ئانالێنا بەیربووک (Annalena Baerbock) ئەو سیاسەتەی جێبەجێدەکرد (Verbeek, 2023 : 6). بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی پشتیوانی ئەم بزووتنەوەی ژنانی دەکرد و خۆپیشاندانەکانی ئێران لە (22 تشرین یەکەم 2022)، خۆپیشاندانێکی گەورە لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، نێزیکەی (80,000) کەس بەشداربوون وەک باژێرەکانی: هامبورگ و شتوتگارت و بەردەوام بوون هەتا (22 کانوونی دووەم 2023)، لێرەدا ئەو ژنانەی کە لە ئەڵمانیادا دەژین و کۆمەڵگەی دانیشتووان لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بوونە نزیکەی (100000) کەس لە خۆدەگرێت (Verbeek,2023:7).

سیاسەتی بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی تایبەت بە ئەڵمانیا پشت بە بنەمای دیالوگ ودیپلۆماسی دەبەسێت، ڕاوێژکاری بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتی ئەڵمانیا دا، ئۆلاف شۆلز ( Olaf Scholz) لە پۆدکاستێک دا، دەربارەی ڕەفتارەکانی ئێران بەرانبەر بە مافەکانی ژنان و خۆپیشاندانەکانی (2022) و

هەڵویستی ئەڵمانیا بۆ زیادکردنی سزاکان وەڵامی (حوسێن عەبدوللاهیان) دایەوە و ووتی (ئەگەر تەقە لە هاوڵاتیانی خۆتان بکەن، چ جۆرە حکومەتێک دروست دەکەن؟ ئەوانەی بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەن، ئێمە ئێوە بۆ دواوە پاڵ پێوە دەنێین!) کەواتە دەبێت چاوەڕێ بکەن کە بە بێدەنگی دانانیشن، بەڵکو بە هەموو ئامرازێکی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسیی فشاریان دەخەنە سەر بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن، واز لەو سیاسەتە سەرکوتکارییە بهێنن (The guardian, 2022: para10).

ئولاف شۆلز (Olaf Scholz) دەربارەی گیان لە دەستدانی ژینا ئەمینی لەلایەن پۆلیسی ڕەوشتی و سەرکوتکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان و خۆپشیاندەران ووتی (تەنها پرسی جل و بەرگ) نەبووە، بەڵکۆ پەرەی سەندووە بۆ شەڕی ئازادی و دادپەروەری"، ئولاف شۆلز (Olaf Scholz) ئاماژەی بەوە کردووە " بە زەحمەت بتوانین دەست بە خەیاڵکردن بکەین، چەند مەترسیە و بوێری دەوێت" مەبەستی لە خۆپیشاندەران و ئەوانەی دژ بە ڕژێمن زیاتر لە (3000) کوژراو، دەیان سزای لە سێدارەدان بۆ ژن و پیاوان، زیاتر لە (14) هەزار کەس دەستگیرکراون (the guardian, 2022: para 4). ئەڵمانیا پاش خۆپیشاندانەکانی ئێران زیاتر هەڵوێستی جدیان وەرگرت، وەک وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران (حوسین امیرعبداللهیان) کاتێک هۆشدارییێک بە ئانالێنا بەیربووک (Annalena Baerbock) دەدات و ئەم کارە بە "دەستێوەردان" لە کاروباری ناوخۆی وڵاتی ئێران دادەنرێت، چونکە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا پاڵپشتی خۆپیشاندەرانی کرد و ڕەخنەی توند لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران گرت، بەهۆی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و چالاکوانان، لە وتارێکدا کە پێشکەشی پەرلەمانی ئەڵمانیای کرد و داوای زیادکردنی سزاکانی سەر ئێرانی کرد، بەهۆی ناڕەزایەتییەکان، بەڵام وەڵامدانەوەی ئانالێنا بەیربووک ( Annalena Baerbock) لە چوارچێوەی سیاسەتی (FFP) ڕەتیکردەوە قسەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران وەک "دەستێوەردان لە قەڵەم بدرێت ( AP, 2022: para 7-9)، چونکە ئەم پشتیوانیکردنەی ئەڵمانیا بۆ خۆپیشاندەران و ناڕازیەتییەکان وەک یەکێک لە بنەماکانی هاوکێشەی سیاسەتی (FFP)، کە ناسراوە بە (D+3R) (Narlikar, 2022: para2). دەربارەی تێڕوانینی سیاسەتی (FFP)ی وڵاتی ئەڵمانیا، دەتوانین بگەینە ئەو خاڵەی، کە لە ڕووی پراکتیکیەوە وەڵامدانەوەیەکی فێمینستانەی بۆ ناڕەزایەتییەکانی ئێران هەبووە، بەڵام بەرژەوەندییەکانی دیکەشی لە سەر بنەمای هاوسەنگییەک لە نێوان سیاسەتی دەرەوەی (FFP) و ڕیاڵیستیدا پاراستووە، لە مانگی شوباتی (2023) کاتی بانگهێشتی کەسایەتییەکانی ئۆپوزسیونی ئێران بۆ کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ و دوورخستنەوەی بەرپرسانی حکومەتی ئێران کرا، پەیامێکی بەهێزی بۆ تاران نارد، وەک هاوسۆزی ئەڵمانیا بەرامبەر نارەزاییەتییەکانی ئێران (حسینی،2023: فقرە: 4-1).

گرنگە ئەوە بزانین لە ئێران خۆی ئەو خۆپیشاندانەی ژنان و ناڕەزایەتییەکانیان جیاواز بوو لە خوپیشاندانەکانی (2017 – 2019)، چونکە دروشمیان جیاواز بوو، کە ژنان سەرکردایەتیان دەکرد و تەنیا ئەم خۆپێشاندانانە بۆ داخوازییەکانی فێمینستەکان یان نەهێشتنی سەرپۆشی زۆرەملێ نەکراوە، بەڵکۆ لە هەمان کاتدا جۆرە دەربڕینێک بووە لە مەودایەکی زۆر قوول و بێ وێنەی کۆمەڵگا، بۆیە دەستەڵاتی ئێران بۆ یەکەم جار (یەکەی دژە ئاژاوەگێری) پێکهێنا، ئەم یەکەیە تایبەتە بۆ کۆنترۆلکردنی ژنانی خۆپیشاندەر (Aitken ,2022: para 1-5). بۆیە (FFP)ی ئەڵمانیا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران، دەتوانین لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاربکەین، بەڵام بە شێوەیەکی ئەوەندە بەهێز نەبووە، چونکە ئەڵمانیا بەردەوام هاوبەشی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا هەبووە و دابڕانی دیپلۆماسی و بەستنی پەیوەندییەکان ڕووینەداوە، لەلایەکی ترەوە ئەو سزایانەی ئەڵمانیا بە سەر ئەو بەرپرسانەی ئێراندا سەپاندوویەتی کە پێشێلکاریان بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان کردوە، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی حکومەتی ئێران زۆر لاواز بکات ( Mirzae & Talebian, 2022: 64).

سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە سەر بنەمایەکی دیپلۆماسی و بە تێڕوانینێکی بنیاتنراو لە سەر مافەکانی مرۆڤ وفێمینزمی دارێژراوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی لە سەر چوارچێوەی وەڵامدانەوەی ئەڵمانیا سەبارەت بە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەی، پاش شۆڕشی ژینا هەبووە، ئەم سیاسەتەش هەم لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دا بەدی دەکرێت، چونکە ئەڵمانیا هەوڵیداوە ستراتیجیەتی

سنووردارکردنی سزاکان، یان ناڕەزایەتی دیپلۆماسی، یان ناڕەزایەتی نۆرماتیڤ بەرامبەر حکومەتی ئێران بەکاربهێنێت، چونکە لەوانەیە زۆر فشارکردن لە سەر دەستەڵاتی ئێران مەترسی دووبارە زیندوکردنەوەی کێشەکانی ناو ڕێککەوتننامەی چەکی ئەتۆمی لەلایەک و فاکتەرە ئابورییەکان لەلایەکی ترەوە هەبێت (Mirzae & Talebian, 2022: 64-65). ئەم وڵاتانە لە فشارخستنە سەر ئێران سەبارەت بە سیاسەتەکانی بەرانبەر بە ژن وەکو پێویست نەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی بوارەکانی تری ئابووری و سیاسی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ ئێران و هەبوونی بابەتی چەکی ئەتۆمی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە.

## 4. بەشداریکردنی ژنە فێمینستەکانی ئێران لە بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتانی (ئەڵمانیا، کەنەدا، سویدا):

ژنانی چالاکوانانی دیاسپۆرا هەوڵدەدەن سوود لە ئازادییە مەدەنییەکان و دیموکراسیەتی لیبراڵ وەرگرن، بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان، سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ئێراندا. بۆیە بە گوێرەی نووسەر حکیم زادە (شازیا حەکیم زادە توێژەرێکی ئێرانی-ئەمریکییە لە پەیمانگای خەبات (Migration Policy Institute) کە تایبەتمەندە لە توێژینەوە لەسەر کۆچ و دیاسپۆرای ئێرانی. کارەکانی گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی هۆکارەکانی کۆچی ژنانی ئێرانی، بەتایبەتی کاریگەری سیاسەتە ڕەگەزییەکان و سنووردارکردنی مافەکانی ژنان وەک هۆکاری سەرەکی بۆ جێهێشتنی وڵات)، جێندەرهۆکارێکی گرنگ بووە بۆ کۆچکردنی ژنان لە ئێراندا، چونکە هەوڵیانداوە دەربازبن لەو سیستەمەی، کە ناتوانن زۆربەی جاران بەشداری ژیانی گشتی ببن و ئازادی خویان ببینن (مەهناز ئەفخەمی)[1]، (هالە ئیسفندیاری)[2] و (شرین عبادی)[3] براوەی خەلاتی نۆبلی ئاشتی، هەروەها ڕۆژنامەنووس (مەسیح علی نەژادی)[4] ئەوانە هەموویان نموونەی

---

[1] مەهناز ئەفخەمی یەکێکە لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی فێمینیستی ئێران و کەسایەتییەکی دیاری نێودەوڵەتییە لە بواری مافەکانی ژناندا. پێش شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩، ئەو پۆستی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنانی لە ئێران بەدەستەوە بووە، کە بە یەکەم وەزیری ژن لە مێژووی ئێراندا دادەنرێت. لە دوای شۆڕشەوە لە تاراوگە دەژی و ژیانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان تەرخان کردووە. ئەفخەمی دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی "هاوبەشیی فێربوونی ژنان بۆ ماف، گەشەپێدان و ئاشتی"یە (WLP)، کە کار لەسەر بەهێزکردنی ژنان و بنیاتنانی تواناکانی سەرکردایەتی دەکات لەسەر ئاستی جیهانی. کارەکانی ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مافەکانی ژنان بەشێکی دانەبڕاوی مافەکانی مرۆڤن و پێویستە لە چوارچێوەی گەشەپێدانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاریان بۆ بکرێت (Women's Learning Partnership, n.d).

[2] هالە ئیسفەندیاری توێژەر، ئەکادیمیست و نووسەرێکی دیاری ئێرانی-ئەمریکییە کە خاوەنی ژیانێکی پیشەیی دەوڵەمەند و هەمەچەشنە. لە وڵاتی خۆی، ئێران، پێش شۆڕشی ١٩٧٩ وەک ڕۆژنامەنووس کاری کردووە و پۆستی گرنگی وەک جێگری سکرتێری گشتیی "ڕێکخراوی ژنانی ئێران"ی بەدەستەوە بووە. دوای شۆڕش، ژیانی ئەکادیمیی خۆی لە دەرەوەی وڵات درێژە پێداوە و لە زانکۆ بەناوبانگەکانی وەک ئۆکسفۆرد و پرینستۆن وانەی وتووەتەوە، پێش ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری دامەزرێنەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە "ناوەندی ویلسن". ژیانی ئەو وەرچەرخانێکی دراماتیکی بەخۆیەوە بینی لە ساڵی ٢٠٠٧ کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە دەستگیر کرا و بۆ ماوەی ١٠٥ ڕۆژ لە زیندانی تاکەکەسی لە بەندیخانەی ئێڤینی تاران بەند کرا. ئیسفەندیاری ئەم ئەزموونە تاڵەی لە کتێبی یاداشتەکانیدا بە ناوی "زیندانەکەم،ماڵەکەم" (My Prison, My Home) بە دۆکیومێnt کردووە. نووسینە بەرفراوانەکانی، کە چەندین کتێب و وتاری لە گۆڤارە ناسراوەکاندا لەخۆگرتووە، بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخەنە سەر بزووتنەوەی ژنان و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران (Wilson Center).

[3] شیرین عیبادی کەسایەتییەکی دیاری ئێرانییە کە وەک پارێزەر، چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی ساڵی ٢٠٠٣ ناسراوە. ژیانی پیشەیی ئەو پڕە لە هەوراز و نشێو؛ پێش شۆڕشی ١٩٧٩ وەک یەکێک لە یەکەمین دادوەرە ژنەکان پۆستی سەرۆکی دادگای شاری تارانی بەدەستەوە بووە، بەڵام دوای شۆڕش ناچار کراوە واز بهێنێت و بۆ ماوەی حەوت ساڵ ڕێگری لێ کراوە کاری پارێزەری بکات. کەسایەتیی عیبادی لەسەر بنەمای "هەستێکی سروشتی بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری" بنیات نراوە، کە وەک خۆی دەڵێت، لە منداڵییەوە هەیبووە و هەمیشە پاڵی پێوەناوە بەرگری لە کەسانی لاواز بکات. سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی دەستگیرکردن و هەڕەشەی بەردەوام، ئەو بەهۆی "زمانە تیژەکەی" و سووربوونی لەسەر باوەڕەکانی، کۆڵی نەداوە و لە ڕێگەی دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی ناحکومی و نووسینی ١١ کتێبەوە، بەردەوامی بە کارەکانی داوە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان، منداڵان و زیندانیانی سیاسی لە ئێران(Shaikh, 2004).

[4] مەسیح عەلی نەژاد ڕۆژنامەنووس، نووسەر و چالاکوانێکی دیاری مافەکانی ژنانی ئێرانی-ئەمریکییە، کە بە دژایەتیکردنی ئاشکرای سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی حکومەتی ئێران، بەتایبەتی لە بواری ئازادیی ژناندا، ناسراوە. چالاکییەکانی هەر لە گەنجییەوە دەستی پێکردووە و بەهۆی هەڵوێستە ڕەخنەگرانەکانییەوە ڕووبەڕووی زیندانیکردن بووەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٤، عەلی نەژاد بە دامەزراندنی پەیجی فەیسبووکی "ئازادیی

زیندوون (Hakimzadeh, 2006: para 18–21.(Barlow et al. 2024:4). ژنانی چالاکوانانی ئیسلامی لیبراڵ، خۆیان بە ڕیفۆرمخواز و مۆدێرن دادەنێن باوەڕیان وایە، ئیسلام بنچینەی یەکسانیخوازی و دادپەروەرییە و خۆی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و ژنان و سیاسەتی دیموکراتی دایە، ئەوانە بریتین لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگای مۆدێرن و خوێندەوارن (Kian, 2010: 3). ئەم چالاکوانە فێمینیستانەی لەم ڕەوتە کاریان دەکرد ڕۆڵێکی چالاکیان لە چاکسازی یاسای مافەکانی ژنانی ئێراندا هەبووە، هەروەها ئەم لایەنە شیکردنەوە بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز دەکەن، بە گوێرەی چوارچێوەی واقعی سەدەی (21) نەک شیکردنەوەیەکی (1400) سال پێش ئێستا کە لەگەڵ ژینگەی ئێستا ناگونجێت (Tohidi, 2010: 12). چالاکوانە فێمینستەکانی ڕەوتی ئیسلامی لیبراڵ ئەوانە دووبارە لێکدانەوە بۆ بنەما ئیسلامیەکان لە چوارچێوەی ژیانێکی مۆدێرن وەک مافی مرۆڤ دەکەن، مافی ژنان و حوکومرانێکی دیموکرات دەکات (Kurzman, 1999: para 2). هەرچەندە پەیوەندی نێوان ولاتانی ڕۆژئاوا و ئێران، خەباتکردنی بۆ مافەکانی ژنانی زیاتر ئالۆز کردووە، چونکە زۆربەی جار پیاوانی ئاینی ئێران بابەتەکانی سیاسەتی فێمینزم و جێندەر وەک پلانێکی سیاسەتی ڕۆژئاوایی وێنا دەکەن، بۆیە ئەو ژنانەی کاتێک داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، وەک هەڕەشەیەکی دەرەکی تەماشا دەکرێن و تومەتباردەکرێن بە کارکردن بۆ ئەجێندای دەرەکی بۆ مەبەستی گۆڕینی ڕژێم و تومەتبارکردنیان بە کاری ناڕەوا.

ژمارەیەک ژن کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات، بە تایبەت پاش ڕووداوەکانی (2009)ی بزووتنەوەی سەوزەوە بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانەکان و سەرکوتکردنی زۆربەیان لەلایەن حکومەت، هۆکارێکی سەرەکی بوو کە کۆچ بکەن و توانیان خۆیان لەنێو دەزگا جیاوازەکانی بەشی ڕاگەیاندنی وڵاتانی ڕۆژئاوای ببینەوە وەک BBC, Radio Free Europe/Radio Liberty و هەروەها لە ئەڵمانیا وەک Deutsche Welle هولەنداRadio Zamaneh بریتانیا manoto tv (Michaelsen, 2018: 254). بەم ڕێگایە توانیان لە ڕێگای هۆشیاری میدیایی سەبارەت بارۆدوخی ژنان و مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا پەیامی خۆیان بە سیاسەتمەدارانی وڵاتانی ڕۆژئاوای بگەیێنن، دواتر بە ڕێگای سیاسەتی(FFP) ئەم وڵاتانە، داکوکی لە مافەکانی ژنان بکەن، هاوڵاتیانی دیکەش بکەن، لە هەمان کاتدا میکانیزمێکی زۆر باش بوو، بۆ ئەوەی برۆنە نێو دەزگاکانی مەدەنی ئەو وڵاتانە و پرۆژەی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن (Michaelsen, 2018: 254–255). ئەگەر سەیری ئەو ژنانەی بەشداری سیاسەتی (FFP) ئەڵمانیا دەکەن، بکەین، یەکێک لەو ژنانە ئەندامە لە نێو پارتی سەوزی (Fraktionsvorsitzende der Grünen) لە شاری سپانداو بە ناوی گوڵاڵە ئەحمەدی (Gollaleh Ahmadi)[1]، سەرنجی پرسەکانی بەردەوام و بە شێوەیەکی گشتی لە سەر دەرفەتی یەکسان و جێندەرییە، هەروەها پرسی توندوتیژی دیجیتالی دژ بە ژنان، بە تایبەت ئەوانەی لە نێو سیاسەتدا کاردەکەن و پشتیوانی مافەکانی ژنان و جێندەری دەکەن (HateAid, 2023: para 1–4).

گوڵاڵە خاتوون وەک پشتیوانیەک بۆ ژنانی ئێران کە تووشی توندوتیژی دەبنەوە، لە ڕێکەوتی (25ی خەزەلوەری 2022) لە کۆنفرانسی پارتی فیدرالی هاوپەیمانی (90) سەوزەکان لە وڵاتی ئەڵمانیا باژێری (Bonn) وتارێکی پێشکەشکرد

---

دزێوی من" (My Stealthy Freedom) ناوبانگێکی جیهانیی بەدەستهێنا، کە تێیدا هانی ژنانی ئێرانی دەدا وێنەی خۆیان بەبێ حیجابی زۆرەملێ بڵاوبکەنەوە و بەمەش تەحەدای یاسا توندەکانی پۆشاکی لە ئێراندا دەکرد. ئەو چیرۆکی ژیان و خەباتی خۆی لە کتێبی یاداشتەکانیدا بە ناوی "با لە قژمدا" (The Wind in My Hair) گێڕاوەتەوە. سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی توند لەسەر خۆی و خێزانەکەی، لەوانە هەوڵی تیرۆرکردن کە لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە ڕێکخرابوو، عەلی نەژاد بەردەوامە لە خەباتی خۆی و ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە هاندانی ناڕەزایەتییەکان دژی حکومەتی ئێران (Biscontini, 2023).

(1) گوڵاڵە ئەحمەدی سیاسەتمەدارێکی پارتی سەوزی ئەڵمانیایە و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەرلینە. ژیانی تایبەتی وەک کچێکی گەنجی پەنابەر، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ خێزانەکەی لە کەمپی پەنابەران ژیاوە، بووەتە هاندەر و داڕێژەری پابەندبوونی سیاسیی ئەو. کارە سیاسییەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر سێ تەوەری گرنگ چڕ بووەتەوە: سیاسەتی ئاسایش، سیاسەتی ناوخۆیی فێمینیستی، و سیاسەتی میدیایی. ئەحمەدی شانازی بەوەوە دەکات کە بیرۆکەی "سیاسەتی ناوخۆیی فێمینیستی" لە ئەڵمانیادا پەرە پێداوە، کە تێیدا جەخت لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی تەقلیدی بۆ ئاسایش دەکاتەوە و داوای پاراستنی گرووپە پەراوێزخراوەکان و ڕێگریکردن لە توندوتیژی دەکات. ئەو ئەزموونی ژیانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ کارکردن لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کراوە، ئارام و هاوپشت، کە تێیدا بنەچە و پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان ڕۆڵیان نەبێت (Ahmadi).

دەربارەی خراپی بارۆدوخی ژنان و پشتیوانی کردن لەو ژنانەی خەبات بۆ ئازادی دەکەن (Gollaleh Ahmadi, 2022).

لە ماڵپەری تایبەت بە خۆی وتارەکەی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنانی ئێراندا و داوای کرد ئەڵمانیا پشتیوانی و هاودەنگی لەگەڵ ئەو ژنانەی کە بوێرن و خەبات بۆ ئازادی و مافەکانی خۆیان دەکەن و ڕاوەستن، بۆیە لە وتارەکەیدا بە زمانی ئەلمانی ئاماژهی بە پرسی سەرپۆشکردن دەکات، کە بەردەوام ئەمە دژ بە ژنان و بە توندی بەکاردەهێنن، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسێکە تایبەتە بە کەرامەتی ژن و مافەکانی، دواتر لە درێژی ووتارەکەیدا ئاماژە بە پرسی مردنی ئەو کچە کوردە دەکات، کە بە ناوی (ژینا ئەمینی) و دەڵێت ئەم تاوانە خۆی دەوڵەت بەرانبەر ئەم کچە کردوویەتی کە دواتر بە ڕووداوەکانی فەمیزدی (Femizid) ناو دەبرێت، ئەو کەسانەی بەشدار بوون لە تاوانەکە دا (پولیسی ڕەوشتی) بوون، ئەم ڕووداوانە وەک توندوتیژی ڕەگەزی بەرامبەر ڕەگەزی مێ دەناسێنێت، لە چوارچێوەی کوشتی ژنان بە هۆی ڕەگەزیان (Gollaleh Ahmadi, 2022). دووبارە لە ووتارەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، پێویستە وڵاتی ئەڵمانیا لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا و مافی پەنابەری لە سەر بنەمای پەنابەری رەگەزی (sexuelles Asyl) بە ژنان بدات، ئەم سیاسەتە چ لە سەربنەمای سیاسەتی ناوخۆی وڵاتی ئەڵمانیا بەکاربهێنن، یان بە شێوەیەک لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بە تایبەت بەرامبەر پرسەکانی ژنان و دەستەڵاتەکانی وڵاتی ئەڵمانیا دەبێت، ئەمە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوە و ناوخویدا، بە تایبەتی سیاسەتی دەرەوی فێمینزمی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت ژنان (Gollaleh Ahmadi, 2022).

فێمینستەکانی ئێران لە ئەڵمانیادا توانیان بەشداری لە نێو دانیشتی ئەنجوومەنی ئەوروپا بکەن، بۆ پشتیوانی کردنی ژنانی ئێران بە تایبەت خاتوون مەریەم رەجەوی (Maryam Rajavis)[1]، لە میانەی دانیشتێنێکی ئەنجوومەنی ئەوروپا ساڵی (2006)، بە ئامادەبوونی ئەندامانی وڵاتانی جیاواز، خاتوون مەریەم بە یاوەری سەرۆکی ئەم گرووپە بەشداربوون لە دانیشتنەکانی گرووپی لیبراڵی ئەنجوومەنی ئەوروپا(Liberal Group of the Council of Europe )، بۆچوونی خۆیان دەربارەی گۆڕانکاری دیموکراتیک لە ئێراندا خستەڕوو(Saadati,2025: para 3) .

مریەم ڕەجەوی پلانێکی (10) خاڵی ئامادەکردبوو وەک پشتگیری لە یەکسانی جێندەری وەک بەردی بناغەی ئێرانێکی ئازاد و دیموکراسی، لە دووەمین دانیشتنی کۆنفرانسی ئێرانی ئازاد دا لە سالی (2025) لە نێزیک پاریس خاتوون نادین رەف (Nadine Ruf) ئەندامی پێشووی پەرلەمانی ئەڵمانیا پشتگیری خۆی بۆ قسە و پلانەکانی مریەم ڕەجەوی دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە، پێویستە هاودەنگییەک لە نێوان ژنانی جیهان دروستبێت، هەروەها هوشداری لەوەش دا کە نابێت پشتیوانی تەنانەت وڵاتی ئەڵمانیاش تەنیا بۆ بابەتی یەکسانی بێت (Saadati,2025: para 1). ئەڵمانیا و کەنەدا و سوید، ئەم ژنانە خەبات بۆ ئازادی ژنانی ئێران دەکەن، ئێستا زۆربەی ئەکتەرانی ژنیش پشتیوانی خۆیان دەردەبرن بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان بۆ نموونە (Golshifteh Farahani)، ئەویش وەک ئەکتەرەک دەربەدەری دەرەوەی وڵات بووە و ناوبانگەکەی وەک پشتیوانیکردن لە ئازادی دەربرین بەکاردەهێنێت، هەروەها (Tara Aghdashloo) لە میدیا و هونەری هاوچەرخدا وەک سومبولی ئەم شەپۆڵە نوێیە بۆ ژنان لە نێوان شاری لەندەن و تۆرنتۆ دا دەژیت و بەرگری لە ئازادی دەربرین دەکات و پشتیوانی خۆی بۆ بزووتنەوەی (ژن،ژیان، ئازادی) دەربڕی، کە پیاوانیش شانبەشانی دایک و خۆشک و هاوسەرەکانیان بەشداربوون(Aghdashloo,2022: para 9) . لە وڵاتی کەنەدا ژنان بەشداربوون بۆ پشتیوانیکردنی بزووتنەوەکانی ژنان لە نێو زێدی خۆیان پارێزەری ئێرانی –کەندی (Aytak Dibavar)،

---

[1] مریەم ڕەجەوی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرخۆدانی ئێران (NCRI)، کەسایەتییەکی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە کە نزیکەی چوار دەیەیە لە بواری سیاسیدا چالاکە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی تەکنەلۆژیی شەریف، بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران (PMOI) و لە ساڵی ١٩٩٣ەوە وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرخۆدان کار دەکات. ڕەجەوی ڕابەرایەتیی خەباتێکی جیهانی دەکات بۆ گۆڕینی ڕژێم و هێنانی دیموکراسی بۆ ئێران، و پێی وایە کە "بونیادگەرایی" بووەتە هەڕەشەی سەرەکی بۆ ئاشتیی ناوچەیی و جیهانی. یەکێک لە دەستکەوتە هەرە دیارەکانی، سەرکەوتنی بوو لە هەڵمەتی لابردنی ناوی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە لیستی تیرۆری ئەوروپا و ئەمریکا. هەروەها، جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکیی ژنان لە بەرخۆدانی ئێراندا دەکاتەوە، کە نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرخۆدان پێکدەهێنن (National Council of Resistance of Iran).

دانیشتووی کەنەدایە و یاریدەری پرۆفیسۆری پرۆگرامی جێندەر و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی ماک ماستەر (McMaster) ووتی (کۆمەڵگەی ڕەوەندی ئێرانی زۆر هەمەچەشنن، تاکەکان ئەزموونی جیاوازی بەرچاویان هەیە لە ئێران و کەنەدا ... بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ئەنجامدانی چالاکییەکان) (Jafari,2023: para2).

هەروەها ئاماژەی بەوە دا، هەبوونی ڕەوەندی ئێرانی لە کەنەدا هەوڵەکانی فشارخستن بۆ سەر حکومەتی کەنەدا سەرکەوتوو بوون، بۆ سەپاندنی سزاکان لە سەر هەندێک بەرپرس و کیانی ئێرانی و لە کۆتایدا ئاماژە بە وە دەدات، تەنیا داهاتووی ئێران ئەوە نییە بریکارە بیانییەکان چی دەکەن، بەڵکو پەیوەندی بە توانای ئێرانییەکانەوە بۆ خەیاڵکردن و پلاندانان بۆ داهاتووی وڵاتەکەی خۆیان هەیە. ئاماژەی بەوەشکردووە، (ئەمە پێویستی بە پێکهێنانی ڕێکخراو و دەستەجەمعییە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە کۆببنەوە و پلانی کاریگەر و ورد، بۆ دوای نەمانی ڕێژیمی ئیسلامی دابنێن، چونکە ئەمە تەنیا بەرپرسیارێتی ڕەوەندی ئێرانی لە کەنەدا نییە، بەڵکو بارگرانییەکە بۆ ئەوانەی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران دەژین) (Jafari, 2023:para 13).

پێویستە ئەوە ڕوون بێت، خۆی لە نێو وڵاتی ئێران خۆیدا فێمینزمی ئیسلامی خۆی تێکەڵەیەکی دژ بە یەکە، چونکە لە کۆتاییەکانی (1980) و سەرەتای (1990) شیکردنەوەیەکی جیاواز بو گرووپە ئیسلامییەکان دەرکەوت، کە تێروانینیان جیاوازبوو، دەربارەی پرسی جێندەر و بابەتی دیموکراسی بەم شێوەیە (Traditionalist/conservative Islam ئیسلامی نەریتخواز/کۆنەپارێز)، ئەم ڕەوتە باوەڕی بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای تەقلیدی بۆ هەردوو ڕەگەز هەیە و بە توندی پاڵپشتی بنەماکانی ئیسلام دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەربارەی پرسی جێندەری ئەوانە نۆرمەکانی پیاوسالاری لە پێشینە دادەنێن و زۆرتر هەوڵدەدەن، مافەکانی ژن لە کایەی سنووری ماڵەوەدا سنووردار بکەن، ڕۆڵ و دروشمی ژنان لە چوارچێوەی هاوسەرگیری و دایکایەتی وەک تاکە ئەرک دەبینن (Tohidi, 2010:11). (فێمنستەکانی ئیسلامیزمی شۆڕشگێر یان ئیسلامی ڕادیکاڵی (Revolutionary Islamism or radical Islam)، ئەمانە خۆیان وەک بەدیلێکی سیاسی دەبیننەوە بۆ هەموو ئەو نەخۆشی و ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان و پەیوەست بە پرسی جێندەری لە ئێران و ڕەفزی سیستەمی پیاوسالاری دەکەن و لە نێو هەردوو سیستەمی نەریتخوازی و مۆدێرندا خۆیان نیشانداوە (Tohidi, 2010: 12).

فێمێنیستە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان، هەوڵدەدەن خۆیان لە ڕەوتە نەریتخواز و کۆنەپارێزەکان جیا بکەنەوە وخویان لێ بە دوور بگرن، چونکە کارنامە سیاسییەکەیان کە لەسەر بنەمای جێندەر دامەزراوە، لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو لایەنانەدا نایەتەوە. لە چوارچێوەی ئێراندا، کە ئیسلامییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، حکومەت ستراتیجییەکی تایبەت بەکاردەهێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی مافەکانی ژنان؛ بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریی زیادبووی فێمێنیزم و ڕەوتەکانی وەک ڕیفۆرمخوازەکان و چالاکوانانی دەرەوەی وڵات (دیاسپۆرا)، هەوڵدەدات لە ڕێگەی ستراتیجی نوێوە ژنان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. هەر بۆیە، حکومەتی ئیسلامی ڕێگری لە چالاکییە سیاسی و پەروەردەییەکانی ژنان ناکات، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی کە ئەم چالاکییانە پشتگیری لە دەسەڵات بکەن و لەگەڵ ئایدۆلۆژیای فەرمیدا بگونجێن. دروشمی سەرەکی ئەو ڕەوتەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتیوانی دەکرێت، بریتییە لە بەرزکردنەوەی حیجابی ئیسلامی وەک ناسنامەیەکی سەرەکی، کە ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی دیدگای ژنانی عەلمانی، مۆدێرن، لیبراڵ و سۆسیالیستە (Hamid, 2022: para 2–13).

چالاکوانە فێمینستەکاتی ئەم تەیارە بە گوێرەی چوارچێوەی واقعی سەدەی (21) شیکردنەوە بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز دەکەن نەک شیکردنەوەیەکی (1400) سال پێش ئێستای وەکو یاسایانەی لە نیمچە دورگەی عەرەبی هەبوون، بەتایبەت لە نێو ئێراندا کە دوو گروپی جیاوازی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ئیسلامە تۆندڕەوەکان هەن، کە دژایەتی فێمینزمی ئیسلامی دەکەن، لە بەر ئەوەی کە فێمینزمی عەلمانی (دیاسپۆرای دەرەوەی ئێران) تێروانینێکی توندتر سەبارەت بە ئیسلامیان هەیە، یاخۆد وردتر بڵێین سەبارەت بە فێمینزمی ئیسلامی هەیە (Tohidi, 2010 :14). ئەگەر ئێمە سەیری کارکردنی ژنان لە چوارچێوەی فێمینزمدا بکەین، وەک خۆی کارکردنە لە سەر خواست، ویست، کێشە و

گرفتەکانی ژنان لە ژیانی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆیە (دەیل سپیندەر)[1] دەڵێت: (فێمینزم بریتییە لە تەرزە شیکردنەوەیەکی ئەزموونی ژنان لە بارەی شێوازی بەڕێوەبردنی ژیان و جیهان، بۆ ئەوەی هاوسەنگی بۆ پاراستنی ژن لە ئازارەکانی، ترس، ژان، خوێنرشتن دروست بکات و لەوەی کە لە دەستەڵاتی باوکسالاری بەرهەمدێت، بپارێزێت (وسو& صوفی، 2025: 2-3). ئەم بابەتە زۆر بابەت و ناکۆکی سیاسی و مێژوویيش لە خۆ دەگرێت، لە بەر ئەوە کەسێک چەندە کراوە بێت لە ڕووی ئاینییەوە، ناتوانێت لەناو سنووری ئێران دا بە تەواوەتی کار بۆ بیروبۆچۆنەکانی خۆی بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر گرتنەبەری بیرۆکەیەکی مامناوەندی وەکو فێمینزمی ئیسلامی یان شیکردنەوەی دەقە ئیسلامییەکان بە تێروانینێکی سەردەمییانە. کەواتە من ئەمانە بە بوچۆنێکی نیمچە زۆرەملێ یان دیپلۆماسییانە دادەنێم. دەتوانین بلێین نەک تەنیا بەشداربوونی ژنان لە ئەڵمانیا، یان کەنەدا و سوید دا، تەنها یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی ژیانی ژنان، چونکە بە هەمان شێوە چۆن ئەوانە لە دەرەوەی وڵات پشتگیری و فشار لە سەر دەستەڵاتی وڵاتانی دیکە دروست دەکەن، بە هەمان شێوە لە ناوخوی وڵاتیش زۆر ژن بەرەنگاری دەستەڵات دەکەن، هەروەها لە ئەمریکاش بە هەمان شێوە کۆمەڵێک چالاکوانانی ژن توانیان ڕێکخراوێک دامەزرێنن و ماڵپەرێکی تایبەتی لە ژێر ناوی Feminism) Everyday( دروست بکەن، تیایدا باس لە چیرۆکە جۆرەجۆرەکانی ژیانی ژنانی ئێران دەکەن، بۆ مەبەستی هاوبەشکردنی ئەزموونی فێمینستەکانی ئێران لەگەڵ بزووتنەوەکانی مافی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا، بۆ ئەوەی پیشانی جیهان بدەن، چۆن کردەوەکانی فێمینستی دەتوانن ژیانی ڕۆژانەی ژنان بگۆڕن (Barlow et al.,2024). لەگەڵ ئەوەش دەکرێ بلێین هەموو ئەو هەوڵانەی ژنان لە نێو ئێراندا بە گشتی دەیدەن، بۆ گەیشتنە بە مافەکانیان، لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، کەلتوری، بۆیە ئەگەر ژنانی نەتەوەکانی دیکە نێو ئێران بۆ نموونە فارسەکان ئەوانە هەوڵ بۆ لادانی سەرپۆشی زۆرەملی بدەن، یان ئازادی پۆشین، لێرە ژنانی کورد لە کوردستان خۆێن دەرێژێن بۆ ئازادی ڕادەربرین و خۆێندن و چەندین مافی سەرەتایی تر، بۆیە کاتێک نارەزایەتییەکانی ژنان لە ناوخۆی وڵات دا سەریهەڵدا، پیاوانیش شان بە شانی ژنان لە ناوچە کۆردنشینەکان دا وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستی بەشدارییان تێدا کرد (عەزیزی، 2022: 68، 69).

## 5-دەرئەنجامەکان:

بزووتنەوەکانی ژنان لە ئێراندا توانیان خۆیان لەگەڵ بەکارهێنانی ستراتیجیەتی جیاواز بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بگونجێن، بۆ پشتیوانکردنی ئافرەتان لە ناوخۆ و دەرەوە سەرەڕای بوونی جیاوازی ئایدۆلۆجی و بیرکردنەوە و ناکوکی جیاواز لە نێوان فێمێنستەکاندا بەڵام ئەوان زۆر جار پێکەوە بۆ ئامانجی هاوبەش کاردەکەن. بۆیە فێمێنستەکان هەوڵیان داووە نەک تەنها بەکارهێنانی هێزی ئامادەبوونی خۆیان لەگەڵ نوخبەی ناوخۆی وڵات بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، بە پێچەوانە هەوڵیانداوە لەگەڵ کومەلگای گشتی تێکەلبن، بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بەشداریکردنیان لە نێو بزووتنەوەکانی فێمیستی لە سیاسەتی دەرەوە دا ڕێگاییێکی نوێ بووە، بۆ ئەوەی پەیام و بوچۆنی خۆیان بگەیێنن بە کومەڵگای نێودەوڵەتی بە ئامانجی پێداچۆنەوە، لێکدانەوە، چاکسازی لە نێو یاسا و نۆرمەکانی ناوخۆی بکرێت، کە ژنان بە هۆکاری ڕەگەزێ مێینە مافیان چەوسێندرایەوە. بەڵام بزووتنەوەکانی ژنانی ئەم دواییەی ناوخۆی و دەرەکی تێگەیشتن لەوەی کە داکوکیکردنیان تەنها بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری نیە، چونکە ئەوان پێویستیان بە هاوپەیماننامەی فراوان هەیە، لە سەر ئاستی جیهان کاربکات.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە تیوری فێمینزم وەک پروسەیەکی دیالوگی بەردەوام لە سنوورەکانی ناوخۆی وەلاتدا تێپەڕیوە و بووە بە هۆکاری بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی نوێی لە بوارە جیاوازەکان دا بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەکی جیاواز بۆ سیاسەتی فێمینیستی بکەن، کە لە ڕێگای دەرکەوتنی ئەم سیاسەتە نۆییەوە ڕێگاییێکی نوێ بەرانبەر بە ژنانی ئێران

[1] دەیڵ سپیندەر (Dale Spender) لە ساڵی ١٩٤٣ لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٠٢٣ کۆچی دوایی کردووە، نووسەر، مامۆستا و توێژەرێکی فێمینیستی ناسراوی ئوسترالی بوو. ئەو بە یەکێک لە بیرمەندە کاریگەرەکانی بزووتنەوەی فێمینیستی دادەنرێت، بەتایبەتی لە بواری پەیوەندیی نێوان زمان و دەسەڵاتدا.

کرایەوە بۆ ئەوەی بتوانن پەیامی خۆیان بە جیهان بگەیێنن و ببن بە ئەندام لە نێو ڕێکخراو ودەستە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بە شێوازی جۆراوجۆر بتوانن پشتیوانی لە ئافرەتانی وڵاتی خۆیان بکەن. لێرەدا زۆربەی ئەو نارەزایەتییانەی ئافرەتان لە ناخوۆی ئێراندا هەن دەرئەنجامی ئەوەیە کە سیاسەتەکاتی حکومەت لەگەڵ پێداویستیەکانی ژنان ناگونجێت. سالی (2022) ئەو بزووتنەوە و نەرازیبوونەکان وەک دەرفەتێکی سیاسی گرنک بۆ ژنان هاتە پێش، بە تایبەت ئەو ژنانەی پێناسەی خۆیان لە چوارچێووەی سیاسەتی دەرەوی فێمینزمی دەکەن، توانیان ستراتیجییێکی نوێ لە ژێر درۆشمی (ژن، ژیان، ئازادی) دروست بکەن، بە هاوکاری چالاکوانە فێمنستەکانی دیاسپورا لە زۆربەی ولاتانی جیهان فشار لە سەر سیستەمی وەلاتانی کە کوجیان کردووە بووی دروست بکەن بەرانبەر ئێران. هەروەها پشتیوانی پیاوان و بەشداری تاکەکانی کومەلگا جیاوەزەکان بەدەستبهێنێن و دامەزراوە نێودەولەتییەکان و یاساییەکانی حکومەتە جوراوجورەکان کە هاوسوزی خۆیان لەگەل ژنانی ئێران دەربرن. لە کۆتایی دا زۆر گرنکە ئەوە ڕوون بێت دەرئەنجامی ئەم هەموو کارکردنەی ژنان هەم لە سەر ئاستی ناوخۆی و دەرەکی بۆ دروستکردنی گورانکاریە، بەلام نابێت ئێمە سەیری ژنان بکەین لە ئێران لە نێو چوارچێوەی یەک ئایدولوژیا جونکە پرسی ژنان نابیت دوابخرێت زیاتر، بزووتنەوەکانی فێمینزمی ژنان لە چوارچێوەی کاریگەری سیاسەتی فێمینزمی دا بەرگری لە هەموو تاکێک لە سەرانسەری جیهان دەکات بە تایبەتی لە بابەتی جەختکردنیان لە سەر کەرامەتی مروڤ و ڕەخنەگرتن لە دەستهەڵات کە پێناسەییێکی نا دروست بۆ ژن دەکات، پێچەوانەی ئەو رێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەولەتییەکانی کە وڵات خویان واژوویان لەسەرکردوە، بە تایبەت سنوردارکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان زۆر جار بەهووی هەنێک یاسا کە لەگەڵ ژیانی لوجیک ئێستا ناگونجێت، دەبێتە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیری و دروستکردنی نا دادپەروەری نێوان هەردوو ڕەگەز.

### 5. پێشنیازەکان:

1. دروستکردنی سیاسەتێک لە چوارچێوەی پلان وسیاسەتی حکومەتی ئێراندا خۆی پەیوەست بە جێگێرکردنی دادپەروەری جێندەری و بەهێزکردنی ژنان بکات، بۆ ئەوەی کۆبونەوە و لێکتێگەیشتن لە نێوان هەموو ئۆرگانەکانی حکومەت دروست بێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو بارۆدوخەی ژن بۆی دەجەنگێت و دواتر بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ چالاکوانان بۆ گروپی جیاوازی ژنان کۆببنەوە بۆ پەسەندکردنی پێوەرە سەرەکییەکان و چارەسەرکردنیان.
2. پشتیوانی زیاتری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ گروپە پەراوێزخراوەکانی ژنان و چالاکوانە فێمینستەکانی ناوخۆ و دەرەوی وڵات بە تایبەت لە ڕێگای دروستکردنی پلاتفۆرمێک لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لە ڕێگای بزووتنەوەکانی فێمینزم لە سیاسەتەکانی دەرەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە دیاسپۆرا فێمینزم لەگەڵ ژنانی ناوخۆی وڵاتدا پێویستە فێمێنتسەکانی ناوخۆ و دەرەوە پێکەوە کاربکەن، چونکە بە کارکردنی تاک لایەنانە ئامانجەکە بەدی ناهێت.
3. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگا نێودەولەتییەکان بەدوادچۆن بکەن بۆ ئەو تاوانانەی پەیوەستن بە جێندەر کە لەلایەن دەستەڵاتەوە بەرامبەر بە ژنان ئەنجامدروان. دەبێت ئەمەش بە ڕێگایەک بێت کە ژنان فشار لە سەر دەستەڵات دروست بکەن.
4. ئاسانکاری بۆ ئافرەتان بکرێت، بۆ بەشداریکردن لە ناوەنەکانی بریار و و بەشداریکردنیان لە پۆستەکانی بریاردان بۆ مەبەستی پەرەپێدان بە توانەکانیان و زیادکردنی شارەزایی زیاتر لە بواری ماف و ئازادییەکانی ژنان.
5. پێویستە دەرفەتی تێکەڵبوونی هەردوو رەگەز زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بە یەکتر نامۆ نەبن و بە نامۆیی ڕەفتار بەرانبەر یەکتر نەکەن، لە هەمان کاتدا بەرزکردنەوەی ڕادەی هوشیاری سیاسی زۆر گرنکە بۆ هەردوو ڕەگەز، نەک تەنیا ئافرەت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگاییێکی تەندروست و دادپەروەر.
6. بابەتی فێمینزم ، نەک تەنیا بابەتێکی سیاسییە، بەڵکو بابەتێکی فرە ڕەهەندی کلتوری و بایۆلوجی و فیسیولۆجی وپەروەردەیی ...هتد)ە، بۆیە پێویستە لە هەموو ئەم ڕوانگەیانەشەوە کار بۆ نوێکردنەوەیان بکرێت لە ڕێگەی نوێکردەنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا.

## سەرچاوەکان

1-سەرچاوەی کوردی:

– عەزیزی، ڕۆژە، (2022)، گرنگی ڕۆلی ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران. نامیلکەی ژن، ژیان،ئازادی. سایتی پەیام، لە سەر ماڵپەری ئەلکترۆنی گیارەنگ: https://giareng.com/?p=16749

– مەجیدخان، بارام، (2023)، ئێران حیکایەتێکە دەبێت لە کۆتاوە بیخوێنینەوە، وەرزنامەی ئێرانناسی ب، 2(7). https://www.centerfs.org/iran-is-a-story-we-must-read-at-the-end/

– وسو، دلدار عدو& صوفی، هونە ر انور مام. (2025). دەرکەوتەکانی فێمینزم لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەلقیس)ی جەبار جەمال غەریب دادە. گۆڤاری زانکۆ بوو زانستە مرۆڤاتییەکان. زانکوی سەلاحەدین، 29(3). https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.1

**2-سەرچاوەی فارسی:**

– حسینی، کیوان، (2023)، کنفرانس امنیتی مونیخ چیست و حضور مخالفان جمهوری اسلامی در آن چه اهمیتی دارد؟. بی بی سی فارسی. https://www.bbc.com/persian/articles/cn0262ze4keo

**3-سەرچاوەی ئینگلیزی:**

**a. Books - کتێبەکان:**

- Katzman, Kenneth. (2011) Iran sanctions (Vol. 19). Washington, DC: Congressional Research Service.

**b. Academic Journals-گۆڤارە ئەکادیمییەکان:**

- Aggestam, Karin. and Bergman-Rosamond, Annika. (2016) 'Swedish feminist foreign policy in the making: Ethics, politics, and gender', Ethics & International Affairs, 30(3), pp. 323–334.
- Barlow, Rebecca., Akbarzadeh, Shahram. and Nasirpour, Sanaz. (2024) 'A dialogical appraisal of diasporic women's work to impact change in Iran', Third World Quarterly. 17 January.2024; Accessed 22 June 2025 https://doi.org/10.1080/01436597.2023.2296622
- Berg, Elin. (2024). From silence to Pride? A feminist visual narrative analysis of the Swedish Armed Forces' Pride campaigns. Media, War & Conflict, 18(1), 103-121. https://doi.org/10.1177/17506352241256571
- Delgado, Martha. (2020). Mexico's feminist foreign policy. TPQ, 19(1), 35-39. https://martha.org.mx/una-politica-con-causa/wp-content/uploads/2020/06/Mexico%E2%80%99s-Feminist-Foreign-Policy-1.pdf
- Kian, Azadeh. (2010). Islamic Feminism in Iran: A New Form of Subjugation or the Emergence of Agency?. Critique internationale, 46(1), 45-66
- Kurzman, Charles. (1991). Liberal Islam: prospects and challenges. Middle East Review of International Affairs, 3(3), 11-19. https://ciaotest.cc.columbia.edu/olj/meria/meria99_kuc01.html
- Michaelsen, Marcus. (2018). Exit and voice in a digital age: Iran's exiled activists and the authoritarian state. Globalizations, 15(2), 248-264.
- Moghadam, Valentine.M. and Haghighatjoo, Fatemeh. (2016) 'Women and political leadership in an authoritarian context: A case study of the sixth parliament in the Islamic Republic of Iran', Politics & Gender, 12(1), pp. 168–197.
- Richey, Lisa.Ann. (2001) 'In search of feminist foreign policy: Gender, development, and Danish state identity', Cooperation and Conflict, 36(2), pp. 177–212. https://doi.org/10.1177/001083601400422351
- Tohidi, Nayereh. (2010). The women's movement and feminism in Iran: A glocal perspective. Women's Movements in the Global Era: The Power of Local Feminisms, 375-414.
- Tohidi, Nayereh. (2016). Women's rights and feminist movements in Iran. SUR-Int'l J. on Hum Rts., 13, 75.
- Verbeek, Nicolas. (2019) 'A German feminist response to the Mahsa Amini protests in Iran: Balancing normative and realist foreign policy', Journal for Iranian Studies, 7(17), pp. 57.
- Wright, Shelley. (1994) 'Women and the global economic order: A feminist perspective', American University Journal of International Law and Policy, 10, 861.
- Zhukova, Ekatherina., Sundström, Malena. Rosén. and Elgström, Ole. (2022) 'Feminist foreign policies (FFPs) as strategic narratives: Norm translation in Sweden, Canada, France, and Mexico', Review of International Studies, 48(1), pp. 195–216.

**c. Research Reports - ڕاپۆرتە توێژینەوەییەکان:**

- Adebahr, Cornelius. and Mittelhammer, Barbara. (2022) 'Feminist foreign policy to deal with Iran?: Assessing the EU's options', Carnegie Endowment for International Peace.
- European Parliament News (2020) 'Fostering gender equality in the EU's foreign and security policy', European Parliament Press Release.23 October. 2020; Accessed 24 June 2025 https://www.europarl.europa.eu/pdfs/news/expert/2020/10/press_release/20201016IPR89563/20201016IPR89563_en.pdf
- Maleki, Ammar, and Tamimi Arab, Pooyan. (2023). Iranians' Attitudes Toward the 2022 Nationwide Protests.

Published online, gamaan.org: GAMAAN. https://www.researchgate.net/publication/370497869_Iranians%27_Attitudes_Toward_the_2022_Nationwide_Protests?enrichId=rgreq-fde4a25c4da02d2327adf93a5a740e61-XXX&enrichSource=Y292ZXJQYWdlOzM3MDQ5Nzg2OTtBUzoxMTQzMTI4MTE1NTQxNjU0OEAxNjgzMTkwNTYwOTY5&el=1_x_2&_esc=publicationCoverPdf

- Moghadam, Valentine.M.(2004). Women in the Islamic Republic of Iran: Legal status, social positions, and collective action. In Iran After" conference for the Woodrow Wilson International Center for Scholars. https://www.wilsoncenter.org/sites/default/files/media/documents/event/ValentineMoghadamFinal.pdf

- Papagioti, Foteini. (2023) 'Feminist foreign policy index: a qualitative evaluation of feminist commitments', International Center for Research on Women.

- Schuegraf, Marian. (2021) 'A look back at the activities of the Unidas women's network'. Available at: https://www.unidas.world/system/files/202112/Unidas_look%20back%2020

- Thompson, Lyric. (2020) 'Feminist Foreign Policy: A Framework', International Center for Research on Women. Available at: https://www.icrw.org/publications/feminist-foreign-policy-a-framework/

- Thompson, Lyric. (2020) 'Feminist foreign policy: A framework', International Center for Research on Women.

- Thompson, Lyric., Ahmed, S pogmay., & Khokhar, Tanya. (2021). Defining feminist foreign policy: A 2021 update. International Center for Research on Women.

- Thompson, Lyric., Ahmed, Spogmay. and Tanya Khokhar, T. (2021) 'Defining feminist foreign policy: A 2021 update', International Center for Research on Women.

- Zilla, Claudia (2022) : Feminist foreign policy: Concepts, core components and controversies, SWP Comment, No. 48/2022, Stiftung Wissenschaft und Politik (SWP), Berlin,

### d. Newspapers and Media – ڕۆژنامە و میدیا:

- AFP, (2021). New German chancellor Scholz makes European debut. The guardian. 10 December.2021; Accessed 3 April 2025 Available at: https://guardian.ng/news/world/new-german-chancellor-scholz-makes-european-debut/

- Aghdashloo, Tara. (2022) 'Iran's women have been fighting this fight for a long time', Financial Times. Available at: https://www.ft.com/content/10f54419-2243-49be-9d94-01ee67e05850

- Aitken, Peter. (2022). Iran anti-riot police sexually assault women in public as protests near one-month anniversary. Fox news.15 October. 2022; Accessed 18 June 2025. Available at: https://www.foxnews.com/world/iran-anti-riot-police-sexually-assault-women-public-protests-one-month-anniversary

- Anglesey, Anders. (2022). Iran Protests Timeline: How Death of Mahsa Amini Caused Shockwaves.4 Decmber.2022; Accessed 20 June 2025. Available at: . https://www.newsweek.com/iran-protests-timeline-how-death-mahsa-amini-caused-shockwaves-1764454

- Hamid, Shadi. (2022) The reason Iran turned out to be so repressive. The Atlantic.4 October. 2022; Accessed 29 June 2025 . Available at https://www.theatlantic.com/ideas/archive/2022/10/iran-mahsa-amini-protests-islam-ayatollah-ruhollah-khomeini/671624/

- Jafari, Hamid. (2023) 'The impact of Iranian diaspora on the Canadian government policy towards Iran', New Canadian Media.9 Mai. 2023; Accessed 14 April 2025. Available at: https://www.newcanadianmedia.ca/the-impact-of-iranian-diaspora-on-the-canadian-government-policy-towards-iran/

- Karadeglija, Anja. (2022) 'Provide momentum to that movement: Canada to host meeting of female foreign ministers on Iran protests', National Post. 10 October. 2022; Accessed 16 April 2025. Available at https://nationalpost.com/news/politics/provide-momentum-to-that-movement-canada-to-host-meeting-of-female-foreign-ministers-on-iran-protests

- Mirzaei, Diba. and Talebian, Hamid. (2022) 'Iran's uprisings: A feminist foreign policy approach'.

- Rettig, Joana. and Jannaschk, Julia. (2022). "Frau. Leben. Freiheit." Proteste im Iran – wo bleibt die feministische Außenpolitik von Baerbock?. 1October. 2022; Accessed 29 April 2025. Available at: https://politik.watson.de/politik/analyse/691696410-iran-wo-bleibt-die-feministische-aussenpolitik-von-annalena-baerbock

- Romaniec, Rosalia. (2022). Iran as a tough test for Baerbock's feminist foreign policy. 14 October.2022; Accessed 24 April. 2025. Available at: https://www.dw.com/de/iran-als-h%C3%A4rtetest-f%C3%BCr-baerbocks-feministische-au%C3%9Fenpolitik/a-63433807

- Stuttaford, Andrew. (2017) 'Iran: Sweden's "feminist" government submits', National Review.17 February. 2017; Accessed 3 July 2025. Available at: https://www.nationalreview.com/corner/iran-swedens-feminist-government-submits/

- The guardian. (2022). Germans 'disgusted' by Iran protest crackdown, says chancellor. The guardian. 12 November .2022; Accessed 4 July 2025 Available at: https://www.theguardian.com/world/2022/nov/12/german-chancellor-olaf-scholz-iran-crackdown-protests

### e. Official Documents and Websites - بەڵگەنامە وێبسایتە فەرمییەکان:


- Ahmadi, G. (n.d.). Über mich. Retrieved from https://gollaleh-ahmadi.de/ueber-mich/.
- Ahmadi, gollaleh.(2022). Rede: Solidarität mit den iranischen Frauen. gollaleh-ahmadi.de. 15. Oktober. 2022; Accessed 15 June 2025 https://gollaleh-ahmadi.de/rede-solidaritaet-mit-den-iranischen-frauen/
- Biscontini, T. (2023). Masih Alinejad. In EBSCO Research Starters: Biography. EBSCO. Retrieved from https://www.ebsco.com/research-starters/biography/masih-alinejad.
- Eroukhmanoff, Clara. (2024). Troubling French feminist diplomacy with the national context. In Feminist Policymaking in Turbulent Times (pp. 125-145). Routledge.
- Global Affairs Canada. (2023). Canada sanctions Iranian regime for continued human rights violations. canada.ca. 3 May. 2023; Accessed 26 June 2025 https://www.canada.ca/en/global-affairs/news/2023/05/canada-sanctions-iranian-regime-for-continued-human-rights-violations.html
- Government Offices Sweden. (2023). Sweden supports the Iranian people's demand for human rights. government.se.15 March.2023; Accessed 25June 2025 https://www.government.se/government-policy/foreign-and-security-policy/sweden-supports-the-iranian-peoples-demand-for-human-rights/
- Hakimzadeh, Shirin. (2006). Iran: A Vast Diaspora Abroad and Millions of Refugees at Home.MPI.1 September. 2006; Accessed 28 June 2025 https://www.migrationpolicy.org/article/iran-vast-diaspora-abroad-and-millions-refugees-home
- HateAid. Org. (2023). Stärke! Wir sprechen mit … Gollaleh Ahmadi. hateaid.org. 31 mai. 2023; Accessed 30 June 2025 https://hateaid.org/gollaleh-ahmadi-interview/
- Koehler, Gabriele. (2022) 'Feminist foreign policy?', Global Policy Forum.18 July. 2022; Accessed 18 April 2025 https://www.globalpolicy.org/en/news/2022-07-18/feminist-foreign-policy
- Medica mondiale. (2022). Feminist foreign policy – for women's rights, against violence. Medica mondiale.org. https://medicamondiale.org/en/violence-against-women/sexualised-wartime-violence/feminist-foreign-policy
- Mittelhammer, Barbara. and Adebahr, Cornelius. (2023). "Women, Life, Freedom": A German feminist foreign policy towards Iran. dgap.org. 2 January. 2023; Accessed 21 April 2025 https://dgap.org/en/research/publications/women-life-freedom-german-feminist-foreign-policy-towards-iran
- Muller, Kerstin. (2023) 'Feminist foreign policy: A chance for change in Germany's policy on Iran?'.15 March. 2023; Accessed 19 April 2025 https://elnetwork.eu/country/germany/feminist-foreign-policy-a-chance-for-change-in-germanys-policy-on-iran/
- Napikoski, Linda. (2019). A Brief History of CEDAW. Thoughtco. 15 Februwary. 2019; Accessed 22 April 2025 https://www.thoughtco.com/brief-history-of-cedaw-3529470
- Narlikar, Amrita. (2022) 'German feminist foreign policy: An inside-outside perspective', Observer Research Foundation.12 September. 2022; Accessed 24 April 2025 https://www.orfonline.org/expert-speak/german-feminist-foreign-policy
- National Council of Resistance of Iran. (n.d.). Biography of Maryam Rajavi. Retrieved from https://www.ncr-iran.org/en/maryam-rajavi/.
- Saadati, Shamsi. (2025) 'Former German MP Nadine Ruf: Iranian women are the driving force of change', National Council of Resistance of Iran.19 June. 2025; Accessed 30 June 2025 https://www.ncr-iran.org/en/news/iran-resistance/former-german-mp-nadine-ruf-iranian-women-are-the-driving-force-of-change/
- Sahebi, Gilda.(2022). Frau, Leben, Freiheit. Amnesty International Deutschland. 7 December. 2022; Accessed 3 July 2025 https://www.amnesty.de/informieren/amnesty-journal/iran-proteste-frauen-leben-freiheit-mahsa-amini-essay-gilda-sahebi
- Shaikh, N. (2004, June 10). Shirin Ebadi: 'A certain commitment to justice'. Asia Society. https://asiasociety.org/shirin-ebadi-certain-commitment-justice.
- Sveriges Kvinnoorganisationer (2023) 'Kvinnorörelsen kräver att Sverige stöttar den feministiska frihetsrevolutionen i Iran med alla tillgängliga medel', Sveriges Kvinnoorganisationer. Available at: https://sverigeskvinnoorganisationer.se/debatt-vi-maste-gora-allt-i-var-makt-for-irans-kvinnor/
- United Nations, Economic and Social Council. (2022, December 14). Economic and Social Council adopts controversial draft resolution to remove Iran from Commission on Status of Women, emphasizing lack of rights in country. https://press.un.org/en/2022/ecosoc7109.doc.htm
- Wilson Center. (n.d.). Haleh Esfandiari. Retrieved from https://www.wilsoncenter.org/person/haleh-esfandiari.
- Women's Learning Partnership. (n.d.). Mahnaz Afkhami. Retrieved from https://learningpartnership.org/people/mahnaz-afkhami

**The Rise of Feminism Foreign Policy: The Role of Iranian Feminists within the Framework of this Policy**

**Dunia Dawood Mahmood**
Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Science, University of Duhok, Kurdistan Region of Iraq
dunya.barzani98@gmail.com

**Hawar Khalil Taher**
Middle East,International Relations, University of Duhok, Kurdistan Region of Iraq
hawar.khalil@uod.ac

**Abstract**
Throughout history, the weakness of women's role and position in political centers has been one of the important topics in political science. Although in a country like Iran, which is an Islamic Republic, this becomes a challenge for women to actively participate in political changes. Therefore, the aim of this research is to return to those challenges and the ways in which Iranian women can participate in political activities, by highlighting the role of diaspora women. This is an analytical study of the impact of the feminist movement on foreign policy, particularly focusing on the role of Iranian feminist women within the framework of this policy. The research uses a descriptive-analytical method to examine the concept of "Feminist Foreign Policy" (FFP) and explores the attitudes and policies of Germany, Canada, and Sweden regarding women's rights and freedoms in Iran between 2014-2021. Finally, the research concludes that the "Woman, Life, Freedom" movement was the result of a combination of internal struggle and external pressure. Iranian diaspora feminists have been able to gain international support for Iranian women's rights through feminist foreign policy and increase pressure on the Iranian regime, although many obstacles still remain in the face of fundamental change.
**Keywords:** Feminist foreign policy, political participation, diaspora, Iran, Islamic revolution.

**دور نساء الإيرانيات في هذه السياسة :ظهور السياسة الخارجية النسوية**

**دنيا داوود محمود**
قسم العلاقات الدولية والدبلوماسية، كليه العلوم السياسية، جامعة دهوك،
إقليم كوردستان – العراق
dunya.barzani98@gmail.com

**هاوار خليل طاهر**
أستاذ مساعد فى شؤون الشرق الأوسط في العلاقات الدولية، جامعة
دهوك، إقليم كوردستان – العراق
hawar.khalil@uod.ac

**الملخص**
على مر التاريخ، كان ضعف دور ومكانة المرأة في المراكز السياسية أحد المواضيع المهمة في علم السياسة. رغم أنه في بلد مثل إيران، وهي جمهورية إسلامية، يصبح هذا تحدياً للنساء للمشاركة بفعالية في التغييرات السياسية. لذلك، الهدف من هذا البحث هو العودة إلى تلك التحديات والطرق التي يمكن للنساء الإيرانيات من خلالها المشاركة في الأنشطة السياسية، من خلال تسليط الضوء على دور نساء الشتات. هذه دراسة تحليلية لتأثير الحركة النسوية على السياسة الخارجية، خاصة التركيز على دور النساء النسويات الإيرانيات في إطار هذه السياسة. يستخدم البحث منهجاً وصفياً–تحليلياً لدراسة مفهوم "السياسة الخارجية النسوية" (FFP) ويستكشف مواقف وسياسات ألمانيا وكندا والسويد بشأن حقوق وحريات المرأة في إيران بين 2014–2021. أخيراً، يخلص البحث إلى أن حركة "المرأة، الحياة، الحرية" كانت نتيجة مزيج من النضال الداخلي والضغط الخارجي. تمكنت النسويات الإيرانيات في الشتات من الحصول على الدعم الدولي لحقوق المرأة الإيرانية من خلال السياسة الخارجية النسوية وزيادة الضغط على النظام الإيراني، رغم أن العديد من العوائق لا تزال قائمة أمام التغيير الجذري
**الكلمات المفتاحية:** السياسة الخارجية النسوية، المشاركة السياسية، المهجرين، إيران، الثورة الإسلامية.